# خواوەندەکان و پاڵەوانەکانی گریکلاند

**نووسینی**

ئثريك ئثريكسؤن

**وەرگێڕانی لە سویدییەوە**

تةها ئةمين هةمةدني

**کوردستان – هەولێر**

**٢٠٠٦**


**ناوی کتێب: خواوەندەکان و پاڵەوانەکانی گریکلاند**

- نووسینی: ئیریك ئێریکسۆن
- وەرگێڕانی: تەها ئەمین هەڵەدنی
- وێنەکان: ئیڤا ئێدی
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ٥٥
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپی دووەم: ٢٠٠٦
- نرخ: ١٠٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب – ٤٧ – (١٥٠)



**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی**

پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com

ژمارەی تەلەفۆن : 2260311

www.mukiryani.com

پشکةشة بة:

**شەهیدی گەل (جەوهەر) ڕەووف حاجی محەمەد کاکەئەولاّ.**

**پێشەکی:**

گەرچی سەرچاوە و کەرەستە ڕەسەنەکەی ئەم نامیلکە کوردیە، میلیاردەها دۆلاری تێچوە و دە بەرابەریشی بەدەست هێناوە، ئیتر هەر لە پەیکەرەکانیەوە تا پەرتووك و فلیم و دۆکومێنت. ئەم نامیلکە سەرچاوەی هەزارەها فلیمی ڕووت و جۆرەکانیتریەتی. تا دەگاتە فیلمی کارتۆنی منداڵان. هەروەها ئەم نامیلکە کورتکراوەی هەوێنی سەدەها ڕۆمان و شیعرو پەرتووکی مێژووناسانە.

کەناڵە سویدیەکان گرنگی زۆر دەدەن بە ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیە بەتایبەت، کەناڵی٥،٤،٣،٢،١، جگە لە کەناڵەکانیتر کە خۆڕایی نین وەك تێچی ١٠٠٠، کە لایەنی کەم هەفتانە ٢ تا ٣ فلیم لێدەدەن......هتد.

لەو ڕۆژەی ئینتەرنێتش سەری هەڵداوە سەدان ماڵپەڕ دەربارەی ئەم بابەتە دروستکراوە، بۆ نموونە تەنها وشەی ئەپۆلۆ بنوسرێ لە تۆڕە گەڕۆکەکاندا، وە ك یاهۆ، گۆگل، ئێم ئێس ئێن... هتد دەهان نموونەت دەداتێ.

هەروەها زۆربەی هەرەزۆری واژەی زانستی و ئەندێیشەکانی ئەم کتێبە تا ئێستاش لە زۆربەی دانشگاکانی جیهاندا دەخوێندرێ بۆ نموونە, ناوە زانستیەکان هیچیان نە عەرەبی نە تورکین، سەرجەمیان گرێکین. تەنیا تاکە واژەیەکی چیە نە لە تورکیدا نە لە عەرەبیدا نابیندرێ.

عەرەب و تورك نەك هەر بەشداری بینای شارستانیان نەکردوە، بەڵکوو عەرەب بەشمشێری ئیسلامی، تورکیش بەشمشێری برسیەتی گەیشتنە ناوچەکە و هەتا توانیان شارستانیەتەکانیان لەناوبرد.

بۆ یەکەم جار عەرەب لە ٦٣٧ زاینی، تورکیش٩٠١ زاینی وەك تاڵانکەر، تورك وەك کلتورەکەیان.



عەرەبیش بە پشتبەستن بە ئایەتی ئەنفالی قورئانی ٧٩ لە کاتی هاتنیاندا هەرچیەکیان لەپێش خۆیاندا دی, تاڵانیانکرد و سوتاندیان، خاکەکانیشیان داگیر کردو خۆیان کردە خاوەنماڵ.

کلتورو زمانەکەشیان سەپاندە سەر ئەو ناوچانەی کە تێیدا نیشتەجێ بوون، هەروەك چۆن ئیسپانیەکان، پۆرتوگالیەکان زمان و کلتووری خۆیان سەپاندە سەر گەلانی ئەمەریکای لاتینی.

خواوەندەکانی گرێکی هەندێکیان ناوەکانیان لە کوردی وەرگیراوە، بۆ نموونە ئەو ناوانەی کە بڕاوە بەسەر فەیلەسوفەکاندا وەك دێوژەن یا هەر ناوی خوداوەندەکان خۆیان وەك سوریاش.

مامۆستا جەمال ڕەشید لە کتێبی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا دەڵێ: (زۆربەی ئەو خواوەندانە کە زیاتر لە ١٥٠ ناوی خواوەند لە شاری ڕەواندوزدا هەبوون، کاتی هاتنی گرێکیەکان و پاشتریش ڕۆمیەکان ئەو ناوانەیان لەوێوە وەرگرتوە، هەروەها هەندێك لەو ناوانە لەسەردەمی ئەورارتویەکاندا کە تا ڕەواندوز فەرمانڕەواییان کردوە ئەو خواوەندگەلیانە لەوێوە گواستۆتەوە یا ناوەکانیان وەرگرتوە). ئا بەم شێوەیە ئەو ناو و خواوەندانە چوونەتە گرێکلاند.

هەروەها دەزانین سەردەمێك گرێکیەکان لە ژێر حوکمی حەخامەنشینەکاندا بوون، لە چەرخی داریوشی گەورەدا فەیلەسوفەکانیان هاتونەتە ئێران هەروەها سەربازەکانیشیان لە سوپای ئێراندا بوون، بەو شێوەش تێکەڵاوی دروست بووە لەنێوانیاندا.

مامۆستا جەمال ڕەشید هەر لەو پەرتووکەدا دەڵێ: (لە چەرخی مینەهەواسی پاشای ئەورارتوەکاندا هێشتا ١٥٠ لەو خواوەندانە هەر لە ڕەواندوزدا مابوون).

پێش سوکرات, لە ئێران ئاینی زەردەشتی یا مەزدایی سەریهەڵداوە ئەوە بووە هۆی شارستانی گەلانی ئێران، پاش ڕوخاندنی مادەکان, داریوشی گەورە شای

حاخامەنشی توانی گریکلاند داگیر بکا و زۆرێك لە خەڵکی ئەوێ کردە سەربازی خۆی، لەوێوە تێکەڵاوی لە نێوان گرێکی و ئێرانیەکاند دروست بوو. بەم شێوەیە بۆ یەکەمجار ئەوروپاییەکان لەگەڵ مەدەنیەتی ڕۆژهەڵاتیدا ئاشناییان پەیدا کرد.

داریوش بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سێ کاری شارستانیی کردوە کە تا ئێستاش مرۆچ دەریێژەیان پێدەدا،

١- دامەزراندنی پۆست، کە پێیان گوتوە (چاپاری).

١- بینانان پاراستن، یا دائیرەی ئەمن و ئاسایش کە پێیان گوتوە، (چاو،گوێ شا).

٣- دامەزراندنی لەشکرێکی دامەزراو کە چاودێری شاو کۆشەکەکانی شایان کردوە کە پێیان ووتوە سوپای جاویدان(واتە لەشکری نەمر وهەرگیز لە شکان نەهاتوو).

داریوش توانیی جۆرە شارستانیەتێکی سەرەتایی دامەزێنێ لەو ووڵاتانەی کە لەژێر دەسەڵاتیدا بوون، بۆنموونە گرێکلاندیش. هەڵبەت داریوشیش هەوێنەکەی لە مادەکانەوە پێگەشتوە.

بەم شێوەیەش گرێکیەکان شارستانیەتی ئێرانیان وەرگرت و هێواش هێواش پەرەیان پێدا لەوێوە وانەخانەو ئەکامیەیان بۆ خۆیان دروست کرد.

ئەو بەشەی لە ئاینی زەردەشت یا کتێبی ئاوێستا، کە لەگەڵ دابونەریت و بۆچونیاندا سازگار بوو وەریانگرتوو لە وانەخانەگەلا کردیان بەوانە و پۆشاکی گرێکیان بەبەردا کرد. کە ئێستا پێی دەڵێن شارستانیەتی گرێکی واتە, ریشەی شارستانیەتی ئەوروپایی سەرەتا لەوێوە سەرچاوەی گرتوە[1].

---

(١) بۆ ئەم باسە بژوانە ئەم پەرتووکانەی خوارەوە:

- تاریخ ئێرانی کۆن بە فارسی حسن پیرنیا.



هەروەها مێژووناسانیتریش. خودی هێرۆدۆت کە بە باوکی مێژوو دەناسرێ لە کوردوستانی باکور لەدایك بوە لە شاری هاری کاری ناس لە ٤٨٦-٤٢٠ پێش زاین، پاشان چۆتە گرێکلاند[2].

هەروەها مامۆستای زانکۆیەکی ئەمەریکی پەرتوکێکی نوسیوەو جەخت دەکا کە سەرجەم خواوەندەکانی گرێکی سەرچاوەیان لە کوردوستانەوە وەرگیراوە، ئاگاداری ڕۆشنبیرانی کوردیش دەکات کە لەو ڕووەوە تێبکۆشن بۆ ڕوونکردنەوە[*].

خودی سوکرات دەڵێ: هەرچی ئەو زانست و هونەرەی کە هەمانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و لە لای ئێرانیەکانەوە بە ئێمە گەیشتوە[3].

---

- تاریخ ئێران پێش ئیسلام عبدول حسین زەڕین کوب.

- تاریخ ئێران زەمین دکتۆر جواد مەشکوور.

(٢) فەرهەنگی معین بەرگی ٦ لاپەڕە ٢٢٧٣بە فارسی.

(*) (من ئەم پەرتووکەی نەخوێندۆتەوە، بەبیستن ناوەڕۆکەکەیم بیستوە).

(٣) بۆ ئەم باسە تەماشای پێشەکی بکە لە کتێبی:

- ڕێڕەوی زانست لە ئەوروپادا نووسینی فەیلەسوفی بەناوبانگی ئێرانی حەمە عەلی فروغی.

## سەردەمێکی دوور پێش ئێستا لە گرێکلاندا

دووهەزارساڵێك پێش ئەمڕۆ لە گرێکلاندا کۆمەڵێ میرنشین هەبوون، دەکرا دورگەیەکی بچووك ئیمارەتێك بێت.

تاکە شارێك یا ناوچەیەك توانیویەتی ئیمارەتێك بێت، هەمیشەش ئیمارەتەکان پاشایەك بەڕێوەی بردوە. هەندێ لەشارەکانی گرێکلاند گەورەو بەهێز بوون. ئاتێن و سپارتا دووشاری ناوداری گرێکلاندبوون. هەندێك جار شەڕو فەرتەنە دروستبووە لە نێوان پادشاکاندا، بەڵام گرێکیەکان توانیویانە یەکبگرن لەکاتێکدا کە لە دەرەوە هێرشیان بۆ کرابێ.گرێکیەکان زۆریان حەز لە شانۆ و نمایش هونەر بووە. لە گرێکلاند کۆمەڵێکی زۆر نووسەری ناوداری گەورە دەژیا. ئەوە پێش زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ. شانۆنامەکانی نووسەرانی گرێکلاند تا ئەمڕۆش نمایش دەکرێن. لەگرێکلاندا هونەرمەندی بەهرەداریش دەژیان. پەیکەرتاشەکانیان تا بڵێی ناودار بوون. پەیکەرە گرێکیە کۆنەکان تا ئێستاش جێی سەرنجی خەڵکی جیهانن. گرێکیەکان زاناو دانای زۆریان هەبوو. زانایانی گرێکی باشترینی زانایانی سەردەمی خۆیان بوونە. تەواوی جیهانیان سودێکی زۆریان لە زانایانی گرێکی کۆن وەرگرتووە. هەروەها لە گرێکلاندی کۆندا ژمارەکی زۆر لە فەیلەسوفە ناودارەکان دەژیان. فەیلەسوفەکان دەیانویست خەڵکەکە فێر بکەن کە چۆن بژین، چۆن بیر بکەنەوە. ئەوان هەمیشە بیری نوێیان دادەهێنا، کە خەڵك چۆن بژی. سۆکرات و پلاتۆن دوو لەو فەیلسوفە ناودارانەی گرێکی کۆنن، کە لە هەموویان ناسراوترینن هێشتا مرۆچ بەرهەمەکانیان دەخوێننەوە، کە چۆن سۆکرات بیری دەکردەوە، کە چۆن پلاتۆن دەینووسی.

لە گرێکلاندا خەڵك باوەڕیان بە کۆمەڵە خواوەند هەبووە. خواوەندەکان لە هەموو شوێنێکی سروشتدا هەبوون.



هەندێ جار خواوەندەکان منداڵێشیان دروست کردوە لە گەڵ مرۆچی ئاسایدا. ئەو منداڵانەی لەگەڵ مرۆچی ئاسایدا دروستکراون نیمچە خواوەندو و نیمچە پاڵەوان بوون. گرێکیەکان پەرستگایان بۆ خواوەندەکانیان دروست دەکرد. لەو پەرستگایانەدا مرۆچیان دەکردە قوربانی خواوەندەکان و لە خواوەند دەپاڕانەوە. پاشماوەکانی هەندێك لە پەرستگاکانیشیان تا ئێستا هەر ماون. هەندێکی زۆریش لەو پەرستاگایانەیان ڕوخان و خاپور بوون.

هەرچی ئێستا ماوە تەنها پایەکانە.

پێش زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ میرنشینە گرێکیەکان گرنگ و بەهێز بوون. لە تەواوی ئەو وڵاتانەی دەوربەر تەنها گرێکیەکان خاوەن بڕیاری هەرەگەورە بوون لەناوچەکە. بەڵام کاتێك ئیمارەتێکی تازە لە ناوچەکە سەری هەڵدا (ڕۆمەکان) گەورە و خاوەن دەسەڵات بوون. ڕۆمەکان بە سەر گریکلاندا سەرکەوتن. ڕۆمەکان ڕێزو پایەیان بۆ خواندەکانی گرێك دانا. خواوەندەکانی گرێك بوون بەخاوەن ناوی ڕۆمی. تا ئێستاش زۆربەی خواوەندەکانی گرێکی دوو ناویان هەیە. لەبەر هەندێ هۆ هێشتا ناوە کۆنەکانی خواوەندەکانی گرێکی هەر ماون. ئەستێرەکانی ئاسمان ناوی خواوەندەکانە. زۆر لە وشە و پەند هەن کە تا ئێستاش بەکاری دەهێنرێن، لە ناوی خواوەندەکانی گرێك و پاڵەوانەکانیەوە هاتوونە.


بە باوەڕی گەرێکیەکان بەم شێوەی خوارەوە جیهان دروست بوە:

سەرەتا هیچ ڕێکوو پێکیەك نەبووە، ئاسمان، ئاو، هەوا وخۆڵ بەناو یەکدا دەهاتن و دەچوون. هیچ جیاوازیەك نەبوو لە نێوان ڕۆژ و شەو، تاریکی و ڕوناکی. تەنەکان هەموو تێکەڵ و پێکەڵ بوون. بەوەشیان دەگوت بەرەڵایی. بەڵێ, باوەڕی گرێکیەکانی گرێکلاند پێش دوو هەزار ساڵ بەو شێوەیە بوو، بەڵام لە پڕ شتێك ڕوویدا.

ڕێنمایەك کارەکانی ڕێکخست.ئافەرێنەر دەستی بەکار کرد. ئێستا دایکێکی گەورەی ڕێنمایە. سەرکاروان خاوەن کۆشیٚ منداڵە و هەروەها کۆشیٚ کوڕو کوڕەزازا. ئەوان بوون بە خواوەندەکانی گرێکلاند.گرنگترین خواوەندەکان زیۆس، هادیس و پۆسیدۆن. ئەوان سیٚ بران ،جیهانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردوە. زیۆس ئاسمانی بەرکەوت. پۆدیسۆن دەریاکانی بەرکەوت. هادیس دۆزەخی بەرکەوت. زیۆس بوو بەیەکەمین خوا.

2003-09-07






**ماڵی خواوەندەکان**

بەرزترین چیای گرێکلاند سێهەزار مەتر بەرزە.
لووتکەی چیاکان بە هەور دەورەدراوە.
گرێکیەکان باوەڕیان وابووە کە خواوەندەکان لەویٚ دەژین.
بە ماڵی خواوەندەکانی گرێکلاندیان دەگووت ئۆلۆمپیا.
خواوەندی ئاسمان زیۆس دەسەلاٚتداری ئۆلۆمپیایە.
زیۆس خاوەن بڕیاری تەواوی مرۆچەکان و خواوەندەکانیتریشە.
زیۆس بە شێوەیەك لە شێوەکانی خواستی خۆی دەخستە بەردەم مرۆچەکان.
کاتیٚ بروسکە لە شوێنێکی دەدا و دەیشریخاند، ئەوە زیۆسە قسەدەکا.
هەندیٚ جاریش هەورەکانی کۆ دەکردەوە بۆ باو بۆران.

یان هەندێ جار خواوەندی ئاسمان زیۆس باڵندەیەکی دەنارد لە جێگای پەیامنێر.
لە ناوخەڵکیدا هەندێك هەبوون، کە شارەزایی باشیان هەبووە لە شێوەی فڕینی پەلەوەرەکان.
کە ئەوانیش توانیویانە لە داوای خواوەند تێبگەن و بەخەڵکانیتری ڕابگەیەنن کە خواوەند داوای چی دەکا.
زیۆس ژنی هێناوە، ئەو خوشکەکەی خۆی مارە کردوە، هێرا، کە ئەویش هەر خواوەندە.
ئەم خوشك و برا خواوەندە کۆشێ مندالّیان بوو.
هێرا ژنێکی بە تایبەت داوێن پیس بوو.
هاوسەرێتی هێرا لەگەڵ زیۆس هەمیشە کێشە و شەڕ بوو.
زیۆسیش بە هەمان شێوە داوێن پیس بوو.
زیۆس حەزی لە ژنە خواوەندەکانی تر دەکرد و لە گەڵیاندا ڕایدەبوارد.
هەروەها زیۆس حەزی لە ژنی ئاسایش (مرۆچ کە خواوەند نەبوون) دەکرد و لەگەڵیاندا دەنووست.
زیۆس کە دەچووە لای ژنی خەڵك خۆی لێ دەگۆڕین بە یەکێکی دیکە، بۆئەوەی نەناسرێتەوە.

جارێکیان زیۆس حەزی لە ژنێکی ئاسایی (مرۆچ) کرد کە ناوی لیدا بوو.
لیدا لە ڕوبارێکدا مەلەی دەکرد.
زیۆس چووە لای و خۆی کرد بە قازێك.
زیۆسی قازاوی, فریە باوەشی لیداوە.






جارێکیتریش خۆی کرد بە هەور و ژنێکی خستە باوەشیەوە.
ئەو هەورە, خواوەند زیۆس بوو.




بۆ جارێکی دیکە زیۆس حەزی لە کچێك کرد کە ناوی ئەوروپا بوو.
زیۆس خۆی گۆڕی بە گایەك.
ئەو هەمیشە وەك هەڵۆ دەفڕی بۆ باوەشی کچان.
زیۆس و خواوەندەکانیتر هەڵە و کەموکوڕیان زۆر بووە.
خواوەندەکان لەناو یەکدا شەڕو فەرتەنەیان بوو، جار جار دڕندە بوون.
جارجاریش پیاو چاك و عەشقی ئەفسوناویان دەنواند.
خواوەندەکان هەموو شتێکیان دەربارەی هەموو مرۆچە ئاساییەکان دەزانی و خۆیان تێکەڵ بە کاری تایبەتی مرۆچەکان دەکرد.
خواوەندەکان شتی هەڵبژاردەی خۆیان هەبوو کە حەزیان لێدەکرد، یا حەزیان لێنەبوایە.
جار جار لەناویەکدا ناکۆك بوون.
چونکە وا ڕێکدەکەوت یەکێکیان حەزی لە مرۆچێکی ئاسایی بوایە و ئەوتریان ڕقی لێبوایە.
چونکە خواوەندوەندەکان بۆچوونی جیاوازیان هەبوو دەربارەی مرۆچەکان.
خواوەندوەندەکانی ئۆلۆمپیا دەسەلاتێکی گەورەیان هەبوو.
هەرچەند ڕەنگە لە مرۆچی ئاسایش بچوونایە.

## خواوەندی دەریاکان

یەکێك لە براکانی زیۆس، پۆسیدۆن، خواوەندی دەریاکان لە ئۆلۆمپیادا نەدەژیا.

پۆسیدۆن لە قوڵایی دەریاکاندا دەژیا.

ئەو دەسەڵاتی لەسەر دەریاکان و ڕووبارەکان و گۆمەکان هەبوو.

پۆسیدۆن هەمیشە ڕمێکی سێ سەری بەدەستەوەیە.

هەندێ جاریش دۆلفینی بەدەستەوەیە و پۆسیدۆن ڕادەکێشن.

ڕێدەکەوت کە لە گرێکلاندا بومەلەرزە ڕووبدا.

ئەو (پۆسیدۆن)ە بە خۆی و ڕمە سێسەرەکەیەوە لە ژێر دەریاوە سەری دەرهێناوە.

ئەو لەناو دەریاوە دۆڵەکان و دار و درەختەکانی دەشکاند و لە ژێر دەریاوە سەری دەردەهێنا.

زەوی دەلەرزی و خانووەکان دەڕووخان و تەخت دەبوون.

بەم شێوە خواوەندی دەریاکان هێزی خۆی نیشان دەدا.

دەریاش هەمیشە گوێڕایەڵی پۆسیدۆن بوو.

ئەو هەرکاتێك بیویستایە، دەیتوانی زریان هەڵسێنێ.

ئەو دەسەلاتیشی هەبوو هەر کاتێك بیویستایە زریان هێور بکاتەوە.

بەو شێوەیە یەکسەر دەبریسکایەوە و نقەی لەخۆی دەبڕی.

هەندێ جاریش پۆسیدۆن بە سواری ڕەوڕەوەك بەسەر شەپۆلەکاندا دەسوڕایەوە.

ڕەوڕەوەکانیش سێ ئەسپی بە ڕەونەق ڕایاندەکێشا.

پۆسیدۆن میهەرەبان بوو لەگەڵ ئەسپەکان.

پۆسیدۆن خواوەندی ئەسپەکانیش بوو.







پۆسیدۆن ئەمفیتریتی مارە بڕیوە.

باوکی ئەمفیتریتیش خواوەندی دەریا بووە.

بەڵام باوکی ئەمفیتریتی وەك پۆسیدۆن دەسەڵاتی نەبووە.

ئێستا ئەمفیتریتی شازادەی دەریایە.

ئەوان لە کۆشکێکی شاهانەدا دەژیان لە ناو قوڵایی دەریادا.



پۆسیدۆن لەگەڵ ئەمفرتیتی کوڕیکیان هەیە ناوی تریتۆنە.

ئەو کوڕە نیوەی ماسیەو نیوەکەیتری مرۆچە.

تریتۆن دۆستی هەرە نزیکی دۆلفینەکانە.

تریتۆن بە دڵخۆشیەوە سواری پشتی دۆلفینەکان دەبوو.

تریتۆن فوی دەکرد بە شاخە بەرانێکداو دەبوو بەمۆزیکا.

ئەگەر شەپۆلەکان نیگەرانبوونایە بەدەنگی شاخەبەرانەکەی تریتۆن هێمن دەبوونەوە.

پۆسیدۆن منداڵی لە کۆمەڵێ ژن هەبوو.

لەو ڕووەوە لە زیۆس دەچێ.

یەك لە کوڕەکانی پۆسیدۆن ناوی پۆلیفێمۆسە.

پۆلیفێمۆس وەك دێوێك گەورە بوو.

ئەو تەنها چاوێکی هەبوو کە لە نێوان تەوێڵیەوە(ناوەڕاستی نێوچەوانی) بوو.

گرێکیەکان پەرستگای زۆریان هەبوو، کە لەوێدا لە پۆسیدیۆن دەپاڕانەوە.

زۆربەی پەرستگاکان لە نزیك دەریا بوون.

ئەو پەرستگایە باشووریانە دروستکراوە واتە: سۆنیۆن.






سۆنیۆن ڕۆژهەڵاتیە دووری ئاتینی پایتەختە.

ئەمڕۆ سۆنیۆنی چەپەڕێی ڕۆژهەڵاتی بووە بە کەلاوە.

ئێستا تەنها چەند پایەیەکی وەك ئاسەوار ماوە.

ئەگەر مرۆچ بە بەلەم بەوێدا بگوزەری پایەکانی دەبینێ کە ڕوویان لە ئاسمانە وەك کەلاوە ماون.





## له کۆشکی دۆزەخدا

کاتێك کەسێك دەمرد، لە ئیمارەتی دۆزەخدا خۆی دەبینیەوە.
لەوێ خواوەندی مەرگ دەسەلاّتدارە خواوەند هەدێس .
هەدێس برای زیۆس وپۆسیدۆنە.
میرنشینی مەرگەکەش هەر بەناوی هەدێسەوە یە.
ناوی خواوەندکە و میرنشینەکەش هەر یەکێك بووە.
لە میرنشینی مەرگدا تاریکی و غەمگینی باڵی بەسەردا کێشاوە.
خواوەندی مەرگ ژنێکی هەیە کە ناوی پێرسیفۆنە.
یەکەم جار کە مرۆڤێك دەمرد دەبوو بچێتە ڕوبارێ لەبەردەم میرنشینی مەرگدا.
ڕوبارەکە ناوی ستیکسە.
لەوێ لە بەلەمێکی بچووکدا چاوەڕێی مردوەکەیان دەکرد.
کارون بە سەوڵلێدان مردوەکەی لە ڕووباری ستیکسە دەگوێزایەوە.
بەلاّم کارون پارەی دەوێ تا مردوەکە بگوێزێتەوە.
بۆیە دەبوو مردوەکان پارەیان پێبوایە.
بۆیە کاتێ کەسێکی گریکی دەمرد، پارەیان دەخستە دەمی مردوەکەوە.
بەو شێوە مردوەکەیان دەیتوانی بچێتە میرنشینی مەرگەوە.
لەوێ کێربێرۆس پاسەوانە.
کێربێرۆس سەگێکی پاسەوانە ، سەگێکی تابڵێی ترسناکە.
کێبێرۆس سێ سەری هەیە.
هەرسێ سەرەکە پێکەوە دەوەڕن.
کلکی سەگە پاسەوانەکە سەری ئەژدیهایەکی پێوەیە.
پاشان مردوەکان دادوەری خۆیان لەوێ دەدی.
دادوەرەکان خاوەن بڕیارن کە چی لە مردوەکە بکەن.
چارەنووسی هەندێ لە مردوەکان باش نەدەبوو.



بەلاّم هەندێ لە مردوەکان چارەنووسی باشیان دەبوو،دەنێردران بۆ دورگە دڵشادیەکان.
دورگە دڵشادیەکان شوێنێکی باشە لەوێ هەموو خواوەندەکان دەژین.
کەچی هەندێ لەمردوەکان دەنێردران بۆ دۆزەخی ژێر زەوی، کە ڕەشترین چاڵە.
ئەوان لەوێ دەمێننەوە هەتاهەتایە.
ئەوان لەوێ ئەشکەنجەش دەدران بە شێوازی جیا جیا.
یەکێك لە ئەشکەنجەدراوان ناوی(سیزیف)ە.
سیزیف گابەردێکی گەورە سەردەخاتە سەرکێوێکی زۆر لێژ.
کاتێکیش ئەشکەنجەدراوان بە بەردەکەوە دەگەنە لووتکەی چیا لێژەکە،دەبێ بەبەردەکەدوە خلۆر بێتە خوارەوە.
پاشان سیزیف دەبوو دووبارەو دەبارە ئەوە کارە بێ هەتاهەتایە دووبارە بکاتەوە.
هەرگیز بە ئەشکەنجە سزادراوان ، بۆیان نەبووە خۆیان بپارێزن لە ئەشکەنجە.
بۆیە ئێستاش بەکاری گران دەڵێن: ئەشکەنجەی سیزیفی.
ئەوە مانای ئەوەیە کە کارەکەی زۆر سەختە.
چونکە هەرگیز تەواو نابێ.



ئاوابوو میرنشینی دۆزەخ.
هێدیس خاوەن بڕیاری هەموو شتێکە لە دۆزەخ.
هێدیس شارەزای هەموو شتەکانی دۆزەخە، ئەو دەیزانی چی لە دۆزەخدایە(ژێر زەوی).
ئەو دەیزانی لە کوێی ژێرزەمیندا زێڕ و زیو هەیە.
ئەو تەنها خاوەن دەسەڵات نەبوو، بەڵکوو بێسنوور سامانداریش بوو.





## خواوەندی ڕۆژ

هێلیۆس خواوەندی ڕۆژە.
هێلیۆس هەموو ڕۆژ، ڕۆژی لێدەخوڕی بە ئاسماندا.
ڕۆژ ڕەوڕەوەیەکی ڕوناکە.
کە چوار ئەسپی سپی ڕایان دەکێشێ.
ڕەوڕەوەی ڕۆژ لێدەخوڕدرا لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژ ئاوا.
بەڵام تەنها هێلیوس دەیتوانی ڕەوڕەوەی ڕۆژ لێخوڕێ.

کەچی کوڕی هێلیوسیش دەیەوێ تاقیکاتەوە تۆزێ ڕەوڕەوەی ڕۆژ لێخوڕێ.
بۆیە کوڕەکەی هێلیوس داوای لە باوکی کرد کە کەمێ ڕەوڕەوەی ڕۆژ لێخووڕێ، تەنها جارێ.
هێلیوس ناهێڵێ، بەڵام لە کۆتاییدا ووتی باشە.
ئێستا کوڕی هێلیوس دەیەوێ ڕەوڕەوەی ڕۆژ لێخووڕێ.
سەرەتا باش بوو.
بەڵام لەپڕ ئەسپەکان هەستیان کرد، کە کوڕەکە ناتوانێ باش باژوێ.
ئەسپەکان هەریەکە بەلایەکدا تێیان تەقاند.
ڕەوڕەوەی ڕۆژ سوتێنەرانە گەرمە.
ئێستا ڕۆژ زۆر نزیك بۆتەوە لە زەوی.
دارستانەکان دەستیان کرد بەسوتان.
دەریاکان و گۆمەکان دەستیان کرد بەکوڵان.
خەڵك و گیانلەبەرەکان خەریك بوو بسوتێن.
بۆیە زیۆس پەلاماریدا.
زیۆس بروسکەیەکی گرتە کوڕەکە.
کوڕەکە بە بروسکەکە مرد.
ئەسپەکانیش خۆیان ڕێگەی ماڵیان دۆزیەوە.
بەڵام هیلیۆس ئێستا خەمباری مەرگی کوڕەکەیەتی.
هێلیوس ئیتر نایەوێ ڕەوڕەوەی ڕۆژ لێخوڕێ.
خواوەندوەندەکانیتر بەوە دڵگرانن.
بەڵام لە کۆتاییدا خواوەندەکانیتر توانیان هێلیوس ڕازی بکەن کە جارێکی دیکە ڕەوڕەوی ڕۆژ لێخوڕێ.
دوایش هەموو شتەکان گەڕانەوە جێگەی خۆیان و وەك جارانی لێهاتەوە.
ئیتر سەگێکی گوێڕایەل یارمەتی هێلیۆسی دا.
ئەوەش وایکرد کە ئاسمان ڕۆشن بێتەوە.
ئێوارانیش هێلیۆس ئەسپەکانی سواری کەشتیەك دەکرد.
کاتی ڕۆژئاواش سەوڵیان لێدەدا بەرەو ڕۆژئاوا.
کاتی بەیانیانیش دووبارە کاتی گەشتێکی دیکەی بوو بۆ ئاسمان.



## خواوەندەکان و خۆشەویستی

ئەفرۆدیتا خواوەندی خۆشەویستیە.
ئەو لە کەفی دەریا لەدایك بووەو
چووە دورگەیەکی ووشکایی.
بەڵام پاشتر ئەفرۆدیتاش چووە ئۆلۆمپیاوە.
ئەفرۆدیتا لە هەموو خواوەندەکان جوانتر بوو.
بۆیە خواوەندەکانیتر ئێرەییان پێدەبرد.
ئەفرۆدیتا کۆترێکی هەیە.
ئەوە باڵندەی ئەفرۆدیتایە.
گوڵەکان و میوەکانیش هاودەنگی ئافردیتن .
زیۆس هەمیشە بەدوای ژنی جواندا دەگەڕا.
ئەو بە دڵشادیەوە بەداوی ئەفرۆدیتای جوانەوە بوو.
بەڵام ئەفرۆدیتا زیۆسی ناوێ.
بۆیە زیۆس ئافرۆدیتای سزادا.
بە سزای زیۆس ئەفرۆدیتا بوو بە هاوسەری پیاوێکی شەلی ناشیرین.
ئەو پیاوە ناوی هێفایستۆسە.
هێفایستۆسیش خواوەندە.
ئەو ئاسنگەرە.
هێفایستۆس بە مارەکردنی ئەفرۆدیتا دڵشاد نەبوو.
چونکە ئەفرۆدیتاش عاشقی زۆری هەبوو.
عاشقەکانی ئەفرۆدیتا هەندێکیان خواوەند بوون، هەندەکەیتریان مرۆچ بوون.
ئەدۆنیس ناوی کوڕێکی گەنجە کە ئەفرۆدیتا شەیدای بوو.
خەریکە تەواو بەرەو کارەسات دەڕوا.

چونکە خواوەندی شەڕیش ئاریس حەزی لە ئافرۆدیتایە.
ئاریس لەسەر ئافرۆدیتا ئەدۆنیسی کوشت.
لە هەمان کاتیشدا خواوەندی مەرگ پێرسێفۆنسیش شەیدای ئافرۆدیتایە.
بەلاّم ئافرۆدیتا نایەوێ واز لە ئەدۆنیس بهێنێ.
بۆیە زیۆس خۆی تێهەڵقورتاند.
لێرەدا زیۆس بڕیاریدا کە ئافرۆدیتا وپێرسێفۆنس ئەدۆنیس بەشکەن لە نێوان خۆیاندا چونکە هەردوو خواوەندی ژن ئەدۆنیسیان دەوێ.
دبێ جارێك ئەدۆنیس لە میرنشینی دۆزەخدا بژی، لای پێرسێفۆنس .
دەبێ جارێکیش لە ئۆلۆمپیا بژی لە گەڵ ئافرۆدیتا.
ئەوە بڕیاری خواوەند گەورەکەیە، بۆیە دەبێ وابێ.
ئەی خودی ئەدۆنیس چۆن حەز دەکا، کە هەمیشە ئەم بەر و ئەو بەر بکا لە نێوان دۆزەخ و بەهەشتدا؟
ئەو هیچ مافێکی نیە لە بڕیارداندا چونکە زیۆس وای بڕیارداوە، ئەوانیتر هێندەیان لەسەرە گوێڕایەڵ بن و هیچیتر.






ئەفرۆدیتا کۆشێ منداڵی بوو.
یەکێك لەکوڕەکانی ناوی ئێرۆسە.
ئێرۆس خواوەندە بچکۆلەی خۆشەویستیە.
ئەو تیرو کەوانێکی هەمیشە لە شاندایە.
ئێرۆس جار جار تیرێکی دەگرێتە دڵی مرۆڤ.
ئەو مرۆڤە پاش ئەو تیرە هەر کەسی بدیتایە شەیدای دەبوو.
(ئەگەر جوانی کچێك ختوکەی دای یا دڵی کچێك بۆ کوڕێك کەوتە تەپتەپ دەتوانی هاوار بۆ ئێرۆس بەرێ ).
گرنگ نیە هەرکەسێ بێ یەکەمین کەس پاش پێکانی تیرەکە کە دیتبای شەیدای دەبوو.
کەس نەیدەزانی ئێرۆس سەرگەرمی چیە و چی دەدۆزێتەوە.
ئەو لە پڕ تیرێکی دەهاوێشت.
ئێتر بەو شێوە دەبوو کە دەبێ ببێ.
سەخت بوو تێبگەشتیتایە شەیدایی چۆن بوو لە لای گرێکیە کۆنەکان.
ئێستاش بەو شێوەیە کە دەیبینین.





**ئیرۆس و پیسكە**

پیسکە ناوی شازادەیەکە، ناوەکەی وایە پیسکە(مەبەست لەپیسکەی نازناوی کوردی نیە).

زۆرینەی خەڵك باسی پیسکە دەکەن.

هەموو دەیان ووت کە پیسکە جوانترین کیژە.

ئافرۆدیتاش گوێی لەوە بوو و بەو هەواڵە کێچ چوە کەوڵی.



ئافرۆدیتا، دەیەوێ خۆی جوانترین و سەرنج ڕاکێشترین بێ.

بۆیە ئافرۆدیتا داوای یارمەتی لە کوڕەکەی کرد، بۆ ئەو کێشە.

ئێرۆس بڕیاریدا کە چارەیەکی کێشەی دایکی بکا و تیرێك بە پیسکەوە بنێ تا شەیدای کەسێکی دلڕەق و ناشیرین بێ.

ئێرۆس خۆی ئامادەکرد.

تیروکەوانەکەی ئامادەکرد و چوو تیرێکی نا بە پیسکەوە.

بەلاّم ئێرۆس خۆی شەیدای ئەو شازادە جوانەبوو.

ئێرۆس ڕێیدا شەماڵ پیسکە بەرێتە کۆشکێکەوە.

پیسکە توانی لەوێ بژی.

پیسکە لەوێ دەیتوانی خواردن و باشترین جۆری شەرابی دەست کەوێ.

ئەو گەیشت بە هەموو داخوازیەکانی، هەرچی ویستی.

شەوان کەسێك خۆی دەخزاندە سەر مەمکۆلاّنی پیسکە.

بەلاّم شەوە و تاریکە.

پیسکە نەیزانی کە کێیە دێتە لای.

پیسکە ماچ دەکرا، مەمکۆڵەکانی هەڵدەگلۆفرا بەرەو شەوی وەنەوشەی دەبردرا.

ئەوە ئێرۆس بوو، کە چوە لای پیسکە.

بەلاّم پیسکە نەیتوانی بپرسێ کە کێیە.

شەوێکیان لەپڕ پیسکە چرایەکی داگیرساند و زانی کە ئەوە ئێرۆسە لەسەر جێگەکەی.

ئێرۆس بەپەلە بروسکە ئاسا خۆی لەوێ گووم کرد.

پیسکە بە خۆ گومکردنی ئێرۆس دڵتەنگ بوو.

بۆیە پیسکە کەوتە گەڕان بەدوای ئێرۆسدا.


هەموو شوێنێك گەڕا بەدوای ئێرۆسدا.

ئەو پەنای بۆ ئەفرۆدیتاش برد کە یارمەتیی بدا.

هەرچەند ئەفرۆدیتا شتی وا ناکا.

ئەفرۆدیتا توڕەیە لە کوڕەکەی، چونکە دایکی خۆی هەڵخەڵەتاند.

ئێستا ئەفرۆدیتا دەیەوێ تۆڵە لە پیسکە بکاتەوە.
ئەفرۆدیتا پیسکەی خستە ژێر کۆمەڵێ تاقیکردنەوەی سەختەوە.
تاقیکردنەوە هەرە سەختەکەیان سەفەرێك بوو بۆ دۆزەخ.
دەبوو پیسکە بچێ لە دۆزەخ قوتویەك بهێنێ کە شیلەی جوانیی تێدایە.
پیسکە بەڕێکەوت بۆ دۆزەخ.
پیسکە لە دۆزەخ قوتوەکەی شیلەی جوانیی دۆزیەوە.
بەلاّم لە ڕێ پیسکە قوتوەکەی کردەوە.
پیسکە تۆزێك لە خستەی جوانکردنی لەخۆیدا.
کەچی پیسکە لەپڕ خەوی لێکەوت.
پیسکە هەڵخەڵەتێندرا.
ئەو خۆشاوەی لە قوتوەکەدا بوو خۆشاوی جوانکردن نەبوو. بەڵکوو خۆشاوی خەولێخستن بوو.
بەلاّم ئێرۆس خۆشەویستەکەی خۆی، پیسکەی دۆزیەوە.
ئێرۆس هەتا توانیی پیسکەی لە باوەش گرت، مەمکۆلانێ هەڵگلۆفی، لێوە قەیتانیە ناسکەکانی مژی تا بێداری کردەوە.
کاتێ زیۆس ئەو ڕوداوەی دی.
زۆری بۆ ئەفرۆدیتا هێنا کەواز لە پیسکە بهێنێ .
ئێرۆس پیسکەی مارەکرد.
هەردوکیان بوون بە دانیشتووی ئۆلۆمپیا، ماڵی خواوەندەکان.
ئەوان کچێکیان بوو.
خێزانێکی سەرکەوتووبوون هەتاهەتایە.





## خواوەندی شەڕ

یەکێك لە کوڕەکانی زیۆس ناوی ئەرێسە.
ئەرێس یەکێك لە خوێناویترین وبەرەلاّترین خواوەندەکانی شەڕە.
کاتێك شەڕکەرە دڕندەکان پەلاماری یەکتریان دەداو یەکتریان پارچەپارچە دەکرد، ئەرێس هەمیشە لەوێ بوو.
کاتێك خوێنڕشتن جۆگەلەی دەبەست ئەرێس دڵشاد دەبوو.
خواوەندەکانیتر بە ڕەفتاری ئەرێس و شەڕەکانی دڵتەنگ دەبوون.
یەکێکی تریش هەبوو بەڕێوەبەرێتی شەڕەکانی دەکرد.
ئەویش ئەتێنا بوو.
ئەتێنا خواوەندێکی ژنی شەڕ بوو.
ئەتێنا خاوەن بڕیاری شەڕە بە پرێنسیپەکان بوو.
کاتێك شەڕێك باش پلانی بۆ دادەڕێژرا، ئەتێنا لەوێ بوو.
ئەتێنا کچی زیۆسە.
ئەتێنا لە سەری باوکیەوە لەدایك بووە.
ئەوەش بەم شێوە بووە:
جارێکیان زیۆس تووشی سەرئێشەیەکی سەخت ببوو.
بۆیە زیۆس ناردی بەدوای هێفایستۆسی ئاسنگەردا.
ـ سەرم پانکەرەوە بە تەورەکەت بە کڕنووش بردنەوە.
کاتێك زیۆس کڕنووش بەرێ، دەبێ خێرا فەرمانی جێبەجێ بکرێ.
هێفایستۆس تەورێکی کێشا بەسەری زیۆسدا.
سەری زیۆس شەقی برد.
لەشەقبردنی سەری زیۆسدا، ئەتێنا دەرپەڕیە دەرەوە.

ئەتێنا کە دەرپەڕی ڕمێکی بەدەستەوە بوو و جلێکی بریسکەداری چوارگۆشاوی لەبەردابوو.




ئەتێنا بوو بەخۆشەویسترین کچی زیۆس.
ئەتێنا دەیتوانی بروسکەکان لە باوکی وەرێ ئەگەر بیویستایە.
ئەوەش تەنها بۆ ئەتێنا بوو، کەسیتر بۆی نەبوو بروسکەی بدرێتە دەست.
ئەتێنا هەمیشە ڕمێکی بە دەستەوە بوو.
ئەوانیتر بە ئەتێناشیان دەگووت پەلاس ئەتێنا واتە: ڕم زوو دەوەشێنێ.
لەگەڵ ئەوەشدا شەڕکردن گرنگترین کاری ئەتێنا نەبوو.
ئەو کاری چنین و کشتوکاڵیشی دەپاراست.
ئەتێنا بوو کەرەسەی چنینی دۆزیەوە و تەشی ڕێسانیشی داهێنا.
تەنها ئەتێناش دییاری خواوەندەکانیترە.






کونەبەبوویەك هەمیشە لەدەوری ئەتێنایە.
کونەبەبووەکە باڵندەی ئەتێنایە.
کارەکانی سەرشانی ئەتێنا زۆرن.
ئەو یەکێکە لە خواوەندە بەرچاوەکانی شاری ئەتێن.
شازادەی خواوەندی کچ ئەتێنا، ئەتێنای پایتەختی دەپاراست لە شەڕ و مەترسیەکانیتر.
لە ناوەڕاستی ئەتێنەدا گردۆلکەیەکی بەرز هەیە پێی دەڵێن: ئەکرۆپۆلیس.
لە ئەکرۆپۆلیس کەلاوەی پەرستگاکەی هێشتا ماوە.
گەورەترین پەرستگایان ناوی(پەرتێنسۆن)ە.
پەرتێنسۆن پێش ٢٤٠٠ بۆ ئەتێنا دروستکرا.
ئەتێنا هەمیشە هاوڕێیەکی خواوەندی لەگەڵدا بوو، ئەویش هەر خواوەند بوو.
ئەو خواوەندەش ناوی (نیکی)ە.
نیکی خواوەندی سەرکەوتنە.
کاتێ مرۆچ بیەوێ لە شەڕدا سەرکەوێ یا لە پێشبڕکێی یاریدا ئەوا دەبێ هاوار بۆ نیکی بەرێ و لە نیکی بپاڕێتەوە.

ئەتێنا و نیکی دوو خواوەندی کچی بەهێزن، ئەگەر ئەوانە پێکەوە بن کەس نایان بەزێنیٚ.

خواوەندێکی دیکەی کچ کە ئەویش بەهێزە ناوی نێمێسیسە.


نێمێسیس خواوەندی تۆڵە و سزا و ڕەوایە.

ئەگەر کەسێ پێی لە بەرەکەی خۆی زیاتر ڕاکێشایە، یا کارێکی سەرنج ڕاکێشی بەدکاری بکردایە.

ئەوسا نێمێسیس سزای دەدا.

نێمێنسیس ڕەق بوو، بەڵام دادوەریش.






**کوڕە جوانەکی خواوەند لەگەڵ کەماندا**

یەکێك لەکوڕەکانی زیۆس ناوی ئەپۆلۆیە.

ئەپۆلۆ هەرە خۆشەویسترین کوڕی زیۆسە.

ئەپۆلۆ تا بڵێی جوانیشە.

خەلکیش باوەڕیان وابوو کە ئەپۆلۆ جوانترینە.


ئەپۆلۆ خواوەندی ڕوناهیە.

زستانان ئەپۆلۆ دوور دەڕوا، بۆیە ساردە و تاریکیشە.

پاشان كە زستان تەواو دەبوو، ئەپۆلۆ دەهاتەوە لەگەڵ بەهاردا.
واتە هەڵسوكەوتی ئەو چوار وەرزەكە دروست دەكات.
ئەپۆلۆ بەسواری ڕەوڕەوەیەك گەشتەكەی دەكرد كە قاز ڕایدەكێشا.
ئەپۆلۆ خوای شیعرو هونەریش بوو.
ئەو كەمانی لێدەدا كە تاردارە.
ئەپۆلۆ تاجێكی لەسەرە كە لە چەپكە گەڵا دروست كراوە.
گەڵای تاجەكەی ئەپۆلۆ لە گەڵای داربوو.
مرۆچەكان وەك دەزانین هیچیان لەبارەی دوارۆژەوە نەدەزانی.
ئەوان تەنها بە بۆچوون خەیاڵیان دەكرد.
ئەگەر بیانویستایە شتێك بزانن لە ئەپۆلۆیان دەپرسی.
ئەو هەموو شتێكی دەزانی و دەیتوانی پێشبینیش بكات.
لە شاری دێلفیا پەرستگایەك هەیە كە بۆ ئەپۆلۆ دروستكراوە.
لە پەرسگاكەدا پێشبینكارێكی ژن هەیە.
ئەو لەسەر كورسیەكی سێپا دانیشتوە.
لەدرزێكی زەویەوە دوكەڵ دەردەچووە دەرەوە.
مرۆچەكان دەیانپرسی كە دوارۆژ چۆن دەبێ؟
پێشبینكارەكە وەڵامی دەدانەوە.
وەڵامەكان وەك مەتەڵ بوون(خوێندنەوەی دەست، فالچی ،جادووگەرانە).
پەرستگاكەش ناوی ئوراكێل لە دێلفی یە.
ئێستاش دەڵێین فلاَن كەس لە ئۆراكێلە.
مەبەستیان ئەوەیە كە فلاَنی ناوبراو لە فاڵخانەیە، لای فاڵچیەكان فاڵ دەگرێتەوە.
فاڵچیەكان دەیانتوانی وەڵامی زۆربەی هەرەزۆری پرسیارەكانی مرۆچ بدەنەوە.
ئەپۆلۆ ژنی نەهێنابوو.
ئەپۆلۆ حەزی لە كوڕێكی گەنجیش دەكرد، واتە نێرباز بووە.



ئەو ناوی (هیاسینتۆس)ە.
ڕۆژێ ئەپۆلۆ دیسكۆنسیێ(قورسێكی ئاسن كە لە یاریدا بەكار دێت) دەهاوێژێ .
دیسكۆنسەكە بەر سەری هیاسینتۆس دەكەوێ و دەمرێ.
زەوی تەواو خوێناوی بوو بە خوێنی هیاسینتۆس.
ئەپۆلۆ زۆر گریا بۆ دۆستە نێرێنەكەی.
بەڵام لەو شوێنەی خوێنی هیاسینتۆس ڕژا ،گوڵێ لەوێ ڕوا.
گوڵەكە ناونرا هیاسینت.





ئەپۆلۆ جوتێ خوشکی جمکیشی هەبوو.
کە یەکێکیان ناوی (ئەرتێمیس)ە.
ئەرتێمیس خواوەندی ڕاوە، ئەو سروشتی دەپاراست.
ئەرتێمیس بەچکە ئاژەڵەکانیش دەپارێزێ.
هەروەها ئەرتێمیس یارمەتی ژنانی دوو گیانیش دەدا لەکاتی منداڵبووندا.
ئەو هاوڕێی منداڵە ووردیلەکانیشە.
ڕێشدەکەوت ئەو دلڕەقبوایە. ڕێشدەکەوت کە تیری بگرتایە مرۆڤ.
تا بڵێی مەترسیدارە ئەگەر لەگەڵ ئەرتێمیسدا ڕێکنەبوویتایە.
ئەرتێمیس هەمیشە کۆمەڵێ کیژۆڵەی بەدواوە بوو.
ئەوان پێیان دەوترا نیمفێر(پەری).
نیمفێرەکان لەناودارستان و دۆڵ و چیاکاندا دەژیان.
بەو دۆڵانەی کە نیمفێرەکانی تێدا دەژیان دەگوترا نەیەدێر.
جارێکیان کوڕێکی گەنج چووبووە ناو دارستانەوە بۆ ڕاو.
ڕێکەوت ئەو نیمفێرەکان و ئەرتێمیس ببینێ کە مەلەیان دەکرد.
بۆیە ئەرتێمیس کوڕەکەی کرد بە کەڵ.
سەگەکانی خودی ڕاوکەرەکە کەوتنە دوای ڕاوکەر.





سەگەکان خاوەنەکەی خۆیان نەناسیەوە.
خاوەنەکەی خۆیان کەوڵکرد .
ئەرتێمیس شووی نەکردوە.
ئەو جار جار دەچووە ژوانەوە لەگەڵ پیاودا.
بەڵام ئەو شەیدای شوانێك بوو.
ئەرتێمیس دەچوە لای شوانەکەوە کاتێ دەنووست تەماشای دەکرد.
لەوەش زیاتر شتێتر ڕووی نەدا.
نیمفێرەکانیش پیاویان نەدەدی.
جارێکیان نیمفێرێك سکی پڕ بوو.
بەوە ئەرتێمیس توڕە بوو.
بۆیە ئەرتێمیس نیمفێرەکەی کرد بە وورچێك.
ئەرتێمیس هەمیشە لەناو دارستانەکاندا ڕاوی دەکرد.
چەکی ئەو, تیروکەوانە.
کاتێ کە مانگ بە ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە ئەرتێمیس دڵشاد دەبوو.
ئەرتێمیس بەتەنها یان لەگەڵ کیژۆڵەکاند دەبوو.
ئەو لە پیاو بەشك بوو.

## پەیامبەری خواوەندەکان

یەکێك لەکوڕەکانی زیۆس ناوی هێرمێسە.
ئەو لەگەڵ خواوەندەکانیتردا لە ئۆلۆمپیا دەژیا.
ئەو کاتێ منداڵێکی بچووك بوو
شتی سەیر و سەمەرەی پەیدا دەکرد.
هێرمێس ئامێرێکی دروستکرد.
ئەو پشتە کیسەڵێکی دۆزیەوە.
لە ناوەوەی پشتە کیسەڵەکە داوی قایمی لێبەستو سازێکی دروست کرد.
ئەوەش یەکەمین ساز بوو.
هێرمێس سازەکەی دا بە ئەپۆلۆی برای.
ئەپۆلۆش دەیەوێ شتێك بە دیاری بداتە براکەی.
ئەو ڕمێکی زێڕی دا بە هێرمێس.
پاشتر هێرمێس هەمیشە ڕمە زێڕینەکەی بەدەستەوە بوو.
ڕمە زێڕینەکە دوومار لە سەری, بازنەیان کردوە.
هێرمێس بوو بە پەیامبەری خواوەندەکان.
کاتێك خواوەندەکان ویستبێتیان باسی شتێك بکەن
ئەوا هێرمێسیان ڕەوانە دەکرد.
ئەویش بە خێرایی بەڕێوە دەچوو.
پێلاوەکانی هێرمێس باڵدار بوون،
ئەو کلێتەکەشی باڵدار بوو.
هێرمێس بەسەر وشکایی و دەریاکاندا دەفڕی.
پەیامبەری خواوەندەکان وەك ڕەشەبا خێرایە.
ئەو خواوەندێك بوو دەیتوانی گەڵێك شت بکا.
ئەو پارێزەری شوانەکان بوو.
هەر ئەویش بوو یارمەتی بازرگانانی دەدا.






هەر کەس بیویستایە گەشتێك بکا, داوای یارمەتیی لە هێرمێس دەکرد.
هێرمێس لە هەموو جێیەك دەدۆزرایەوە.
ئەو فێڵباز بوو و توانای هەڵخڵەتاندنی هەبوو.
بۆیە بە خواوەندی دزەکان ناسرا بوو.
ئەو یارمەتی یاریکەرانیشی دەدا.
ئەو کاری زۆری لە ئەستۆدا بوو.
خواوەندەکانیش ئەویان بە هەموولایەکدا ڕەوانە دەکرد.
ئەویش فریای زۆربەیان دەکەوت.
جارێکیان هێرمێس توشی نیمفێرێك هات.
لەو نیمفێرە منداڵێکیان بوو.
منداڵەکەشیان ناونا پەن.


**خوای شوانەکان**

کاتێ پەن لەدایك بوو، دایکی نیگەران بوو.
ئەو منداڵە بچکۆلە ئاسایی نەبوو.
پەن دوو شاخی بچکۆلەی لە نێوچەواندا بوو.
ئەو سمی بزنی هەبوو.
هەروەها گیانیش تا بڵێی تووکن.
دایکی پەن، پەنی لە پێستی بزنێکدا دەشاردەوە.
دایکی پەن کوڕەکەی بەو شێوە برد بۆ ئۆلۆمپیا.
گرێکیەکان (پەن)یان خۆشدەویست.
بۆیە بە دڵشادیەوە بوونی پەنیان لە ئۆلۆپیادا پەژراند.
بەڵام پەن حەزی دەکرد لەدەرەوە لەناو دارستاندا بژیت.
ئەو حەزی لە سەما و ژەنینی شمشاڵە.






ئەو بوو بە خواوەندی شوانەکان.
پەن ئاژەڵی شوانەکانی دەپاراست.
جا بەرخۆلەکان، بزنەکان، مانگاکان.
پەن شمشاڵێکی تایبەتی بچووکی دروستکرد.
ئەو حەوت پارچە قامیشی بە ریز لەیەك بەست.
پەن شمشاڵی بەکارهێنا.
شوانەکان لە پەن فێری شمشاڵ بوون.
بۆیە ئەمڕۆش دەڵێن پەنفلۆت.
زۆربەی کاتەکان پەن هێمن و دڵشاد بوو.
بەڵام جار جار ئارامیی لێدەبڕا و بە توندی دەیقیژاند.
کاتێ پەن دەیقژاند، مرۆچ لێی دەتۆقی.
لەکاتی قیژاندنی پەن مرۆچەکان, گیاندارەکان هەریەك بەلایەکدا ڕایان دەکرد.
کاتێ پەن دەیقیژاند کارەسات ڕوویدەدا.




**خوای شەراب**

زیۆس هەمیشە شەیدای ژنی جوان بوو.
جارێکیان لە شازادەیەك ڕێکەوت.
کە لە جوانیدا وێنەی نەبوو.
زیۆس کوڕێکی لێ بوو.
بەڵام شازادەکە مرد.
هەندێ لە نیمفێرەکان کوڕەکەیان گرتە خۆیان.
نیمفێرەکان هەنگوین و شیریان دەدایە کۆرپەکە.



کوڕەکە ناوی دیۆنیسۆسە.
ئەو تازە لەشیر بڕاوەتەوە.
دیۆنیسۆس لە جیاتی شیر، دەستی بە خواردنەوەی شەراب کرد.
ئەو بوو بەخواوەندی شەراب.
ئەو خەڵکی فێری خواردنەوەی شەراب کرد.
هەر ئەویش بوو کە خەڵکی فێری چاندنی دار مێوو کرد.
دیۆنیسۆس زۆربەی کات لەگەشت و گوزار بوو لە ناو سروشتدا.
ئەو لەگەڵ کۆمەڵێ پیرەمێردی بچووکی کلکدار و شاخدار بوو.
بە گۆزەی شەرابەوە لەگەڵ هاوبیرانیدا بوو.
ئەو هەمیشەش کۆمەڵێ پەری چکۆلانەی ناسکیشی لەگەڵدا بوو، دەیان خواردەوە و پێدەکەنین و ڕایان دەبوارد.
ئەوان زۆربەیان مەست بوون.
هەموویان شەرابیان دەنۆشی.
خەڵکی لە کاتی ئاهەنگێڕاندا سوپاسی دیۆنیسۆس دەکەن.
لەوە پاش داری مێوو لە هەموو شوێنێکی گرێکلاندا شین بوو.
خەڵکەکە فێربوون کە باشترین شەراب دروست بکەن.
دیۆنیسۆس یەکێکە لە خواوەندە گرنگ و خۆشەویستەکان.



# خوای ئاگر

زیۆس منداڵی لە کۆمەڵێ ژن هەبوو.
لەگەڵ ئەوەشدا لە( هێرا)ی ژنەکەی خۆیشی منداڵی هەبوو.
ئەوان منداڵێکیان بوو ناویان نا هێفەیستۆس.
لەسەرەتاوە بە خراپ دەستی پێکرد.
هەرکە لە دایك بوو، دایکی هێرا هەستیکرد کە کوڕەکەی ناشیرینە.
دایکی هێرا هێفەیستۆسی لە ئۆلمپیا فڕێدایە دەرەوە.
ئەو کوڕە بچکۆلە هێفەیستۆس کەوتە ناو دەریاوە.
بەڵام هەندێ گیانداری دەریا ئەویان ڕزگار کرد.
هێفەیستۆس گەورە بوو، بوو بە ئاسنگەر.
ئەو بوو بە خواوەندی ئاسنگەران.
ڕۆژگار هاتوو هێفەیستۆس دەیەوێ تۆڵە لە دایکی خۆی (هێرا) بکاتەوە.
هێفەیستۆس کورسیەکی جوانی بۆ دایکی دروست کرد.
بەڵام کاتێ هێرای دایکی هێفەیستۆس لەسەر کورسیەکە دانیشت، نووسا بە کورسیەکەوە.
هێرا نەیتوانی خۆی ڕزگار بکا لە کورسیەکە.
تەنها هێفەیستۆس دەیتوانی هێرا ڕزگار بکا لە کورسیەکە.
کەچی هێفەیستۆس نایەوێ دایکی ڕزگار بکا لە کورسیەکە.
ئیتر بۆیە خواوەندەکان دیۆنیسۆسی خواوەندی شەرابیان نارد لای هێفەیستۆس.
دیۆنیسۆس شەرابی پێشکەش بە هێفەیستۆس کرد.
هێفەیستۆس تەواو مەست بوو.
پاشان دیۆنیسۆس هێفەیستۆسی لە گەڵ خۆی برد بۆ ئۆلمپیا.
لەوێش هێشتا هێرا ڕزگاری نەبووە لەکورسیەکە.



ئێستا هێفەیستۆس لێرەوە دایکی لە کورسیەکە ڕزگار کرد.
هێفەیسیتۆس ئافرۆدیتای مارە کرد.
ئەو خواوەندی جوانیە.
ئەفرۆدیتا جوانترین خواوەندی ژنانەیە.
هێفەیستۆس ناشیرینیش و شەلیش بوو.
هاوسەرێت ئەوان خۆشگوزەرانی تێدا نەبوو.
ئەفرۆدیتا دەچوە ژوانی کۆمەڵێ پیاوی ترەوە.
هێفەیستۆس هەمیشە سەرگەرمی ئاسنگەری خۆی بوو.
ئەو وەستایەکی کارامەیە لە دروستکردندا.
ئەو خشڵی جوانیشی دروست دەکرد.
ئەو ئامێریشی بەرهەم دەهێنا.




ئەو بوو بۆ یەکەم جار قاپ وقاچاخی چێشتلێنانی دۆزیەوە.
کاتێکیش زیۆس پێویستی بە بروسکەی تازە بووایە ،داوای یارمەتیی لە هێفەیستۆس دەکرد.
ئەوە هێفەیستۆس بوو، بروسکەکانی بۆ زیۆس ڕێکوپێك دەکرد.

هەر هێفەیستۆسیش بوو کە ڕمی سێسەرەی بۆ پۆسیدۆس دروست کرد.
لە ئاسنگەریەکەی هێفەیستۆسدا ئاگر هەبوو.
ئەو حەزی لە ئاگر بوو و دەیپاراست.
ئەو خواوەندی ئاگر بوو.
خەڵکەکەش پێویستی بە ئاگر بوو.
بەڵام خواوەندەکان نایانەوێ ئاگرەکە بدەن بە خەڵك.
شتێك ڕویدا.
کاتێك خەڵك توانیان ئاگر لە خواوەندەکان وەرگرن.
خەڵك ناچار بوون قوربانی بە خواوەندەکان بدەن.
ئەوە بڕیاری خواوەندەکان بوو.
مرۆچەکان ئاژەڵیان سەردەبڕی و پارچە پارچەیان دەکرد.
خواوەندەکان باشترین پارچە گۆشتیان دەوێ.
ئاژەڵەکان هی مرۆچەکان بوون.
بۆیە شەڕ لە نێوان خواوەندەکان و مرۆچەکان ڕویدا.
بۆیە پرۆمیتێچ یارمەتی مرۆچەکانی دەدا.
ئەو مرۆچەکانی فێردەکرد، کە چۆن خواوەندەکان بخەڵەتێنن.
ئێستا خواوەندەکان ڕازین کە گۆشتی ئێسکدار وەگرن و لەسەرخۆ بە پارچە پارچە بیخۆن.
خواوەندەکان ئێستا زۆر تورەن.
پرۆمیتێچس جارێکی دیکەش یارمەتی مرۆچەکان دەدات.
ئەو کەمێ ئاگری لای خواوەندەکان هێنا.
خەڵك ئێستا دەتوانن  خۆیان گەرم بکەنەوە و خواردنی گەرمیش بخۆن.
بەو شێوە مرۆچ توانیی ئاگر پەیدا بکات.
خواوەندەکان تا بڵێی تورەن.
خواوەندەکان دەیانەوێ مرۆچەکان نەتوانن خۆیان خۆیان بەخێوکەن.
بۆیە زیۆس سزایەکی ئێجگار  قورسی بۆ پرۆمیتێچس دانا.






پرۆمیتێچس لەسەر لێژاییەك زیندانی کرا.
دەست و پێی ئەویان بەزنجیر بەند کرد.
هەموو ڕۆژێکیش هەڵۆیەك دەهات بە دەنووك زگی کون دەکرد.
پاشان هەڵۆکە گەیشتە جگەری و جگەری خوارد.
ڕۆژی داهاتوو هەڵۆکە هاتەوە و دی ،کە جگەری پرۆمیتێچس ڕواوەتەوە.
هەڵۆکە بە دەنووك بەربووە جگەری ئەمجارەش جگەری پرۆمیتێچسی خوارد.
ئازاری پرۆمیتێچس تا بڵێی بەسوێ بوو.
ئەم کارەش ساڵ دوای ساڵ درێژ دەبۆوە.
لە پڕ ڕۆژێك هێرەکلێس (هەرقل) بەوێدا تێپەڕی.
ئەو یەکێکە لە کوڕەکانی زیۆس.
هێرەکلێس بە تیرێك هەڵۆکەی کوشت و پرۆمیتێچسی ئازاد کرد.
بەڵام هێشتا خواوەندەکان و مرۆچەکان هەر شەڕیانە.


## قوتوەکەی پەندۆرا

مرۆچەکان کاری رۆژانەی خۆیان بەڕێوە دەبرد، ئاگر باش یارمەتیانی دا.
ئەوان کەمتر پێویستان بە یارمەتی خواوەندەکان ما.
ئەو رەوشەش خواستی خواوەندەکان نیە.
زیۆس بڕیاریدا کە سزای مرۆچەکان بدا.
زیۆس داوای یارمەتیی لە زیرەکترین ئاسنگەر هێفەیستۆس کرد.
هێفەیستۆس ژنێکی لە قوڕ و ئاو دروست کرد.
ژنەکەیان ناو نا پەندۆر .
پەندۆر تا بڵێی جوان و زیرەك بوو.
زیۆس پەندۆری نارده لای مرۆچەکان.





پەندۆر لە گەڵ خۆیدا قوتویەکی برد.
بەڵام پەندۆر بۆی نەبوو قوتوەکە بکاتەوە.
کاتێك پەندۆر گەیشتە لای خەڵکەکە تووشی پیاوێك هات.
پیاوەکە رێگەیدا کەوا پەندۆر بچێتە ماڵەکەی.
کابراکە سەرسامی جوانی پەندۆر بوو.
ئەو دەیەوێ پەندۆر مارە بکات.
ئێتر پەندۆر قوتوەکەی کردەوە.
قوتوەکە پڕکرابوو لە کارەسات، نەخۆشی و ئازار.
هەموو بەجارێ دەرپەڕینە دەرەوە بۆ ناو خەڵکەکە.
تەنها شتێك لە قوتوەکەدا مایەوە ئەویش هیوا بوو.
ئەوەتا تا ئێساش نەخۆشی و هەژاری هەر چوارلای گەردوونی گرتۆتەوە.
هیواکەش بریتی بوو کە خەڵك وازبهێنن.



# هێرەکلێس ئەو پاڵەوانە بەهێزە

**ڕێگای کاکێشان.**

لەناو منداڵەکانی خواوەندەکاندا گەلێك پاڵەوان هەبوون.
له هەموویان زیرەکتر و ئازاتر هێرەکلێسه.
ئەویش کوڕی زیۆسە.
بەڵام هێرا دایکی هێرەکلێس نیە.
وەك دەزانین زیۆس چۆتە ژوانی زۆر لە ژنانەوە.
هێرا حەزی لە هێرەکلێس نیە.
کە هێرەکلێس لەدایك بوو زیۆس داوای یارمەتیی لە هێرمێس خواست.
هێرمێس ئەو کۆرپە بچکۆلەی برد.
کاتێ هێرمێس لەگەڵ هێرەکلێسدا هات، هێرا نوستبوو.
هێرمێس کوڕەکەی لای مەمکی هێرادا دانا.
هێرەکلێس دەست بەجێ مەمکی هێرای مژی.
هێرەکلێس بەهێزبوو هەرچەند منداڵیش بوو.
ئەو کوڕە هەرچی هێزی هێرا بوو هەمووی هەڵمژی.
ئینجا هێرا بێدار بووەوە.
هێرا کوڕەکەی دوور توڕدا لە خۆی.
شیرەکەی پڕژا بە ئاسماندا.
بەو شێوە ڕێگەی کاکێشان و ئەستێرەکان دروست بوو(*).
هێرا بەردەوام ڕقی لە هێرەکلێسە.
بەڵام هێرەکلێس ڕزگاری بوو.
ئەو گەورە بوو، بوو بە پیاوێکی گەنج.



(*) بەسویدی نووسراوە زستانە ڕێ. بە ئینگلیزیش پێی دەوترێ (milky way) واتە ڕێگە شیراویەکە.



# هێرەکلێس شێت دەبێ

هێرەکلێس شازادەیەکی مارەکرد.
ئەوان پێکەوە بەخۆشی و هێمنی ژیان.
هێرەکلێس و شازادەکە دوو کوڕیان بوو.
بەڵام ڕق وکینەی هێرای ژنە خواوەند لە بەرامبەر هێرەکلێس نەهاتە خوارەوە.
هێرا سەرشێتێکی نارد بۆلای هێرەکلێس.
هێرەکلێس وشیاری لە دەستدا.
ئەو هەردوو کوڕە بچکۆلەکەی خۆی کوشت.



کاتێ بێداربووە و زانی چی کردوە وەخت بوو شێت بێ، ژنەکەی وازی لێهێنا و ڕۆیی.
ئێستا چی بکات تا لێبووردن بەدەست بهێنێ.
ئەو لە دێلفی پرسیاری لە پێشبینکاران کرد.
پێشبینکاران زانیان کە ئەو چی بکات.
پێشبینکاران پێیان باش بوو بچێتە لای پاشایەکی دڵڕەق و ڕەزیل کار بکات.
ئەو نایەوێ ئەو کارە بکا بەڵام چارەیتری نیە.
ئەو چووە لای پاشاو دەستی بەکارکردن کرد.
بەڵام پاشا لە هێرەکلێس دەترسا.

بۆیە پاشا وای کرد کە هێرەکلێس کاری مەترسیدار بکات.
بەو شێوە شا ئاواتی دەخواست کە هێرەکلێس بمرێ.
پاشا دوانزە کاری کردە مەرج کە دەبێ هێرەکلێس بیانکات.
ئەو کارانەی پاشان بۆ هێرەکلێسی دەستنیشان کرد لە هەرە مەحاڵەکان بوون.
بەڵام هێرەکلێس یارمەتی بۆهات لە خواوەند ئەتێنەوە.
ئێستا هێرەکلێس هەر دوانزە کارە مەحاڵەکانی ئەنجامدا.


## گیاندارە دڕندە نۆ سەرەکە

ئەو پاشا دڵڕەقە ڕەزیلە شەڕانیە هێرەکلێس دەنێرێ.
ئێستا دەبێ بۆیەکەم کاری سەخت دەست بەکاربێت.
ئەو دەبێ بچێ بگەڕێ ئەژدیها دڕندە نۆ سەرەکە بدۆزێتەوە.
ئەو گیاندارە دڕندە ناوی هیدرەیە.
هیدرە لەناو زەنگاوێکی گەورەدا دژی.
هێدرە دەتوانی بە ناوبۆشایی ئاسماندا بفرێ.
ئەو دڕندەیە دەتوانێ ژەهر بگرێتە ڕەقیبەکەی.
بە ژەهرەکەی مرۆچێکی کوشت، هەرچەند زۆر دوریش بوو.





هێرەکلێس هێدرەی دۆزیەوە.
هێدرە یەکەمین سەری خۆی بەرز کردەوە.
هێرەکلێس خێرا بە شمشێرەکەی یەکەمین سەری هێدرەی پەڕاند.
هێدرە سەری دوەم دەرهێنا.
هێرەکلێس ئەویشی پەڕاند.
بەڵام شتێکی سەیر ڕوویدا.
لەو شوێنانە کە هێرەکلێس دووسەری پەڕاند، دوو سەری دیکە ڕوان.
ئەو سەرەکانی دەبرین بەڵام لەجێگایان سەری دیکە سەوز دەبوو.
ئیتر هێرەکلێس ئاگرێکی کردوە.




ئەو چڵێ داری ئاگراوی گرت بەدەستەوە.
هەر سەرێکی کە دەیپەڕاند، خێرا بە چزلێکی دارە گڕاویەکە جێسەرەکەی داخ دەکرد.
بەو شێوە ئیتر سەری نوێ پەیدا نەدەبوونەوە.
ئێستا هەموو سەرەکانیی پەڕاندن.
هیدرە مرد.
هێرەکلێس تیرەکانی ژەندە نێو خوێنی هێدرەوە.
بەو شێوە سەرە تیرەکانی ژەهراوی بوون.
بەو شێوەش هێرەکلێس چەکێکی نوێی پەیدا کرد.
ئێستا هێرەکلێس لە یەکەمین کاری سەختی سەرکەوتووە.




## گەوڕە پیسەکە

ئەو پاشا ڕەزیلە شەڕانیە، هێشتا ڕازی نیە.
ئەو دەگەڕا هەرچی کاری سەختە بۆ هێرەکلێسی دەدۆزیەوە.
ڕۆژێکیان هێرەکلێس سەخترین و پیسترین کاری بۆ دۆزرایەوە.
ئەو دەبێ گەوڕەکەی ئەوگیاس پاککاتەوە.
ئەوگیاس دنیایەك مانگا و ئەسپی هەیە.
جار جار هەموو ولاٚخەکانی لە یەك گەوڕدا کۆدەکردەوە.
ئەو گەوڕەش هەرگیز پاك نەکراوەتەوە.
تەپاڵە و تەرسەقول وەك تەپۆلکەیە لە وێ.
بە چەند مەتر کۆمەڵە تەرس پیسایی کۆمەڵ بوون.
بۆگەن مرۆڤ دەکوژێ!
ئێستا دەبێ هێرەکلێس ئەو گەوڕە پاك بکاتەوە.
ئەو مەرجی لەگەڵ کراوە کە دەبێ بە ڕۆژێك پاکی بکاتەوە.
ئەوەش هەرگیز نەکردە نیە.
چەمێك لە نزیك گەوڕەکەوەیە.
هێرەکلێس جۆگەیەکی قوڵی هەڵبەست.
کە لە چەمەکەوە ئاوی ڕاکێشا بۆ گەوڕەکە.
ئەو هەموو چەمەکەی ڕاکێشایە گەوڕەکەوە.
خەنەقەکە لە ئاوەکە پانترە کە شتەکانی پێش خۆی ڕادەماڵێ.
هەرچی گردۆلکە تەپاڵە و تەرسەقول و پیسایی بوو، ئاوەکە هەمووی ڕاماڵیە دەرێ.
پاشان هێرەکلێس خەنەقەکەی پڕ کردەوە.
ئاوەکەی گەڕاندەوە سەر جۆگە کۆنەکەی خۆی.
گەوڕەکە پاك بوویەوە و جوانیش کرا.
ئەمجارەش هێرەکلێس لە کارە هەرگیز نەکراوەکەی سەرکەوت.
ئێستاش خەڵکی دەڵێن: (ئەوگیەسستاڵ) گەوڕەکەی ئەگیەس.
واتە بەڕاستی پیس، پڕ بەواتای وشەی پیسە.



## سەگە مەترسیدارەكەی دۆزەخ

كارەكانی كە دەبو هێرەكلێس ئەنجامیان بداتن سەخت و سەختتر دەبوون.
بەلاّم ئەو هەمیشە كارەكانی بە باشی ئەنجام دەدا.
لە كۆتاییدا تەنها كارێكی سەخت ماوە كە هێرەكلێس ئەنجامی بدا.
بەلاّم ئەم كارەیان لە هەموویان سەختترە.
دەبێ هێرەكلێس بچێتە دۆزەخ.
بۆ میرنشینی مەرگ.
هێرەكلێس دەبێ بچێ كێربیرۆس بێنێتە دەرەوە.
كێربیرۆس سەگێكە سێ سەری هەیە و پاسەوانی میرنشینی مەرگە.




كێربێرۆس سەگە سێ سەرەكە لە هەموو گیاندارەكانیتر مەترسیدارترە.
تائێستا هیچ كەس نەوێراوە خۆی لەقەرەی بدات.
ئەی هێرەكلێس چۆن بتوانێ چارەی بكا؟
خواوەندەكان یارمەتی دەدەن.
هێرمێس لەگەڵ هێرەكلێسدا چوو بۆ دۆزەخ.




لەوێ لە خوارەوە لە دۆزەخدا, (هەدێس) خواوەندی مەرگ چاوەڕێی دەكرد.
هەدێس وتی كە هێرەكلێس دەتوانێ كێربێرس لەگەڵ خۆیدا ببات.
بەلاّم هێرەكلێس نابێ هیچ جۆرە چەكێك بەكار بهێنێ.
هێرەكلێس بەهێزە.
بڵێی هێزی ئەو بەش بكا؟
هێرەكلێس هەر سێ ملی كێربیرۆسی گرت.
بەلاّم كێربیرۆس كلكێكی هەیە كە سەرە ئەژدیهایە.
كلكە سەرەئەژدیهاكە قەپێكی بەتوندی لە هێرەكلێس گرت.
قەپاڵەكە ئازارێكی جەرگبڕی بە هێرەكلێس گەیاند.
بەلاّم هێرەكلێس ملەكانی بەرنەدان و وازی نەهێنا.
هێرەكلێس بە چنگە بەهێزەكانی تا توانیی ملەكانی گوشی.
ئیتر كێربیرۆس وازی هێنا.
ئەو سەگە ترسناكە دوای هێرەكلێس كەوت بۆ سەرەوەی دۆزەخ.
ئەو سەگە ترسناكەكەی نیشانی پاشا شەڕانیە پیسكەكە دا.
بەلاّم ئێستا بە دیمەنە ترسناكەكەی كێربیرۆس پاشا تەواو ترسی لێنیشتووە.
ئەو نایەوێ زیاتر ئەو سەگە ترسناكە ببینێ.
بۆیە كێربیرۆس توانیی بگەڕێتەوە میرنشینی مەرگ دۆزەخ.
ئەوەش دوانزەهەمین كارەسەختە گرنگەكانی هێرەكلێس بوو.
ئێستا ئەو هەموو كارەكانی ئەنجامدا كە دەبوو بیكات.
هێرەكلێس ئێستا ئازادە، دەتوانێ كۆشكی پاشا بەجێبهێڵێ.
ئەو ئێستا دەتوانێ بەردەوام وەك پاڵەوان و شەڕكەر بژی.
ئەو بەردەوام دژی دوژمنان و گیاندارە درندەكان كاری دەكرد.
كاتێك ئەو مرد توانیی بچێتە ئۆلۆمپیا (ماڵی خواوەندەكان).
لەوێ هێرەكلێس خواوەندی گەنجانی (هێبێ) مارەكرد.

## ئۆرفێچس و ئێچریدیکێ


گۆرانیبێژێکی ناودار هەبوو ناوی (ئۆریدیکێ)یە.
دایکی ئەویش خواوەندە.
ئۆرفێچس گۆرانی دەڵێ و ساز لێدەدات.
ئەو سازەکەی لە خواوەندی موزیکەوە پێگەشت بە دیاری لە ئەپۆلۆوە.
کاتێك ئەو سازی لێدەدا هەموو گوێیان لێدەگرت.
گۆرانیەکانی تا بڵێی دڵگیر بوون.
ڕووبارەکانیش لە ڕۆیشتن دەوەستان و گوێیان دەگرت.
گیاندارە دڕندەکانیش لە دەوری ئۆرفێچس کۆ دەبوونەوە.
چیاکانیش کۆدەبوونەوە و گوێیان دەگرت.
ئۆرفێچس حەزی لە کچێك بوو ناوی ئێچریدیکێ یە.
بەڵام خۆشگوزەرانی ئەوان کورت بوو.
مارێك پێی ئێچریدیکێی گەست.
ئەو مرد و ڕەوانەی کۆشکی مەرگ کرا.
ئۆرفێچس بەو کارە مەئیووس بوو.
ئەو پاش مەرگی خۆشەویستەکەی چی بکات ؟
ئۆرفێچس چووە خوارێ بۆ جەهەنەم.
لەوێ سازی لێدەد او گۆرانی دەوت.
خواوەندی مەرگ هەدێس زۆری حەز لە گۆرانیەکانی کرد.
ئەو سەگە دڕندە سامناکە کێربیرۆس چرکەی لەخۆی بڕیوە و گوێی گرتوە.
سەرجەم تاریکایی کۆشکەکەش گوێیان گرتوە.
سەرجەم ئەشکەنجەدراوانیش نقەیان لە خۆیان بڕیوە و گوێ دەگرن.
خواوەندی مەرگ لە ئۆرفێچسی پرسی کە چی دەوێ؟
ئەو ووتی: خۆشەویستەکەم بگەڕێنەوە لام.






خواوەندی مەرگ داخوازی ئۆرفێچسی بەجێهێنا.
بەڵام بە مەرج.
ئۆرفێچس دەتوانی بڕوا,
پاشان ئێچریدیکێش دوای کەوێ.
بەڵام نابێ ئۆرفێچس ئاوڕ بداتەوە و تەماشای خۆشەویستەکەی بکات.
تا ئەو کاتەی دەگەنە سەر زەوی و لە دۆزەخ دەچنە دەرەوە.
ئۆرفێچس مەرجەکەی پەژراند.
ئەو لە کۆڵانە تاریکەکانی دۆزەخەوە دەستی بە گەڕانەوە کرد بۆ سەرزەوی.
ئێچریدیکێش یەك ڕاست لەپشت خۆشەویستەکەیەوە دەڕۆیشت.
بەڵام ئۆرفێچس لە شتێك دڵنیا نەبوو.
لەخۆی دەپرسی، ئایا ئەوە خۆشەویستەکەی خۆمە لە دوامەوە دەڕاو؟
کاتێك تۆزێك مابوو بگەنە سەر رووی زەوی.

ئۆرفێچس ئاوڕی دایەوە.
ئەو تەماشای ئێچریدیکێی کرد.
ئەویش تەماشای کوڕەکەی(خۆشەویستەکەی) خۆی کرد.
بەلاّم ئێستا دەبێ دووبارە جیاببنەوە.
ئۆرفێچس تەماشای ئێچریدکێی کرد.
بەلاّم نەی توانی بیبینێ.
ئێچریدیکێ دەبێ بگەڕێتەوە بۆ دۆزەخ.
ئۆرفێچس ویستی دوای کەوێ بۆ دۆزەخ.
بەلاّم ئیتر ڕێگە لە ئەو گیرا.
ئەو خۆشەویستەکەی لە کیس چوو.
ئەو هەردەم لە ژان و پەژارەدا خولیای یارەکەیەتی، بەلاّم بێ ئەنجام.
ئۆرفێچس دیسان تەنها مایەوە.
هەموو ژیانی لە خەم و پەژارەدا تێپەڕاند.
لە کۆتاییدا بە دەستی چەند گیاندارێکی دڕندە کوژرا.
لەشیان پارچە پارچە کرد.
سەری پەڕێنراوی ئەو کەوتە دەریاوە.
کاتێ سەری ئۆرفێچس خلۆر دەبووە بەرەو دەریا، بەدەم خلۆربوونەوە هاواری ئێچریدیکێی دەکرد.
بەلاّم ئێستا ئۆرفێچس مرد.
ئەو ئێستا گەڕایەوە میرنشینی مەرگ.
لەوێ توانیی خۆشەویستەی ببینێتەوە.






## تێسێچس و ئەریەدنێ

لەشاری ئەتێنا زۆربەی جاران پێشبڕکێی وەرزشی دەکرا.
لە هەموو کون و قوژبنێکەوە گەنجان دەهاتن بۆ پێشبڕکێ.
جارێکیان کوڕێك لە دورگە گەورەکەوە (کرێتە) هات.
بەلاّم کوڕەکە مرد لە بۆڕبۆڕکێکەدا.
باوکی ئەو کوڕە پاشای کرێتەیە.
پاشا ناوی مینۆسە.
پاشا لە خەم و پەژارەی کوڕەکەی ڕقی لە ئەتێنا هەستا.
مینۆس پاشا کۆشێکی گەورەی هەبوو لە کرێتە دا.
لە کۆشکەکەیدا ڕێڕەوی گەورە گەورە، دەروازەی زۆری هەبوون.
دەروازەکان هەر یەك بەلایەکدا دەچوون.
هیچ کەس نەیدەتوانی دەروازەی چوونە ژوورەوە بدۆزێتەوە.
کۆشکەکە سەرسوڕهێنەرە کەس سەری لەبەر دەرناکات.
لەسەرەڕێیە جەنجاڵیەکاندا گیانلەبەرێکی دڕندە هەبوو.
گینداره دڕندەکە ناوی مینۆتەورۆسە.
مینۆتەورۆس هەرکەسی پێبگەشتایە دەیکوشت.
ئێستا پاشا دەیەوێ تۆڵە لە خەڵکی ئەتێنا بکاتەوە.
پاشا مینۆس داوایکرد.
کە خەڵکی ئەتێنا گەنجەکانیان بنێرنە کرێتە.
ئەو حەوت کچ و حەوت کوڕی دەوێ.
دەبێ گەنجانی ئەتێنا ناچار بکرێن.
تا بچن بۆ مینۆتەورۆس.
پاشا مینۆ دەسەلاّتدارە.


ئەتێنایەکانیش دەبێ خواستی بەجێبگەیەنن.
حەوت کوڕ و حەوت کچیان نارد بۆ دەروازە جەنجاڵەکانی  کۆشکی مینۆس.
هەموویان بەدەستی مینۆتەورۆس کوژران.
چەند ساڵێکی پێچوو، دووبارە پاشا مینۆس سەریهەڵدایەوە.
ئەو داوای گەنجی دیکەی کرد بۆ گیاندارە دڕندەکە(مینۆتەورۆس).
هەموو ئەتێنایەکان دەیانزانی کە گەنجەکان چیان لێدێت.
کەس لە بەرەنگاربوونەوەی مینۆتەورۆس ڕزگاری نابێ.






کوڕێکی گەنج هەبوو لە ئەتێنادا ناوی تێچێس بوو.
باوکی ئەو پاشای ئەتێنا بوو.
ئێستا دەبێ تێچێس بچێ بۆ کرێتە.
ئەو دەیەوێ ڕووبەڕووی مینۆتەورۆس ببێتەوە.
کاتێ تێچێس سوار بوو بە باوکی گووت:
کاتێ کەشتیەیەکەم هاتەوە، تەماشای کەشتیەکەم بکە.
ئەگەر پەرچەمی کەشتیەکە ڕەش بوو، ئەوە بزانە من نەماوم.
ئەگەر پەرچەمەکەیشی سپی بوو ،ئەوا من لە ژیاندام.
بەو شێوە تێچێس لەگەڵ گەنجەکاندا کەوتە ڕێ.
ئەوان بەدەریادا کەوتنە سەوڵلێدان بەرەو کرێتە.
پاشای کرێتە مینۆس کچێکی جوانی هەیە.
کچەکەی ناوی (ئەریەدنێ)یە.
ئەریەدنێ شەیدای تێچێس بوو و یارمەتی تێچێسیدا.
ئەریەدنێ شمشێرێکی جادووی دایە تێچێس.
کچی پاشا گلۆڵەیەك داویشی دایە تێچێس.
تێچێس چووە ژوورەوە.
لەدەروازەکەدا  سەرێکی گلۆڵە داوەکەی بەستە دەروازەکەوە.
ئەو بەو شێوە چووە ژوورەوە و شمشێرەکەشی بەدەستەوە بوو.
تێچێس هەر کە دەچووە پێشەوە داوەکەی بەدوای خۆیدا بەردەدا.
لە ناوەوە تاریکە و تا بڵێی بۆگەنیش بوو کە پیاو دەکوژێ.
لەسەر زەوی ئێسکوپروکی گەنجەکانی کە خوراون کەوتونەتە سەر زەوی.
لە پڕ مینۆتەورۆس هات.
بەڵام تێچێس شمشێرە جادوەکەی بەدەستەوەیە.
شەڕێکی کورت بوو.

تێچیێس سەری مینۆتەورۆسی بە هەموو هێزیەوە پەڕاند.
بەو شێوە تێچیێس هاتە دەرەوە.
گەڕانەوەش گرنگی خۆی هەیە، ئەو بە یارمەتی داوەکە هاتە دەرەوە.
لەدەرەوەش ئەریەدنیێ و گەنجەکانیتری ئەتێنی چاوەڕێن.
هەموو دڵشاد بوون بەسەرکەوتنی تێچیێس،چونکە هەموو دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەتێنا.
ئەریەدنیێ لەگەڵ تێچیێس سواری کەشتیەکە بوو و گەڕانەوە بۆ ئەتێنا.
لە ڕێگە لە دورگەیەکدا لایاندا بۆ پشوو.
ئەریەدنیێ لە دوورگەکەدا خەوی لێکەوت.



تێچیێس و هاوڕێکانی بەسەوڵێدان گەڕانەوە ئەتێنا.
ئەریەدنیێ لە دوورگەکەدا مایەوە.
تێچیێس ئەریەدنیێی پشتگوێ خست.
کەشتیەك نزیک ئەتێنا بوویەوە.
لە لێوار دەریاوە باوکی تێچیێس چاوەڕێ بوو.
بەڵام تێچیێس لەبیری چوو بوو کە بەیداخی سپی هەڵکات.



باوکی تێچیێس دیتی کە بەیداخی کەشتیەك ڕەشە.
باوکەکە نائومێد بوو و خۆی خستە دەریاکەوە.
باوکی تێچیێس خۆی خنکاند.
بەڵام ئەریەدنیێ شانسی بوو.
چونکە زیۆس بەزەیی پێدا هاتەوە.
بۆیە ئەریەدنیێ بەختی کرایەوە و، زیۆس ڕێگەی دا کە لە ئۆلۆمپیادا بژیت.
تێچیێس بوو بە پاشای ئەتێنا.
ئەو چەند جارێك ژنی هێنا.
یەکێك لە ژنەکانی تێچیێس خوشکی ئەریەدنیێ یە.
ئەو هەمیشە لە گەشت بوو، کەمتر ڕێی دەکەوتە ماڵەکەی.
ئەو هەمیشە لەگەشت و تێکۆشان بوو.
دژی گیاندارە دڕندەکان.
تێچیێس پاڵەوانی هەرە گەورەی ئەتێنا بوو.



## کاتێ ئیکەرۆس فڕی

لە نزیك پاشای کرێتە پیاوێك دەژی.
کە ناوی دەیدەلۆسە.
دەیدەلۆس بوو کە کۆشکە سەرسوڕهێنەرەکەی پاشای دروست کرد.
دەیدەلۆس کوڕێکی هەیە ناوی ئیکەرۆسە.
دەیدەرۆس خەڵکی ئەتێنایە و ئێستا بیری ماڵ دەکات.
ئەو زیندانییە لای مینۆس.
دەیدەلۆس تێگەیشت کەوا دەبێ ڕابکات.
ئەو بیرۆکەیەکی دۆزیەوە.
ئەو پەڕی باڵندەی کۆکردەوە.



ئەو پەڕەمەلەکانی بە پیو لەیەك دەدا.
ئەو بەو شێوە دوو باڵی بۆخۆی دروست کرد.
کوڕەکەی ئیکەرۆسیش دەیەوێ هەوڵێك بدا.
دەیدەلۆس پیشانی کوڕەکەی ئیکەرۆسی دەدا کە چۆن باڵ بۆ خۆی دروست بکات و چی بکات.
- شتێك کە زۆر گرنگە، دەبێ گوێداریم بکەی.
باوکی گووتی
- نابێ بەرز بفڕی.
- بەڵێ، ئەگەر بەرز بفڕی و نزیك ڕۆژ بیتەوە، مێوەکە دەتوێتەوە.
کوڕەکەی وەڵامی دایەوە:
- من تێگەشتم.
- ئەگەر مێوەکە بتوێتەوە پەڕەباڵندەکان لەیەك بەردەبن.
کوڕەکەی وەڵامی دایەوە:
- من هەوڵدەدەم ئەوەم لەبیربێ.
ئەوان پێکەوە فڕین و تێیانتەقاند.
ئەوان لە مینۆس پاشا دەرباز بوون.
کۆمەڵێ خەڵك لە لێواری دەریان.
ئەوان تەماشای ئاسمانیان کرد و سەرسام بوون.
لە ئاسمان ئیکەرۆس و دەیدەلۆس دەفڕن.
ئەوان وایانزانی کە ئەوانە دوو خواوەندن دەفڕن.
لای ئیکەرۆس  زۆرخۆش بوو کە دەفڕی.
ئیکەرۆس لە شادیدا گەشکەی کرد.
ئەو لەبیری چوو کە باوکی چی پێگووت.
ئەو بەرزتر بەرزتر دەفڕی.

تا نزیك خۆر بووەوە.

مۆمەكە توایەوە.

باڵەكانی سەرپشتی هەڵوەرین.

باوكی دەیدەلۆس گوێی لەهاوارێكی جەرگبڕ بوو.

ئیكەرۆس كەوتە دەریاوە و مرد.

دەیدەلۆس بەدوای كوڕەكەیدا گەڕا.

ئەو لە دورگەیەكدا نیشتەوە.

ئەو نزیكە تەرمی كوڕەكەی بەرێتە وشكایی.

دەیدەلۆس كوڕەكەی خۆی لە دوورگەكەدا ناشت.

دوورگەكە ناونرا ئیكەریە.

دەریاكەش لە دەوری دوورگەكە ناونرا دەریای ئیكەریسكە.



## شەڕی گریكیەكان لە دژی ترۆیە

**شازادە پاریس و سێوێك:**

جارێكیان خواوەندەكانی ئۆلمپیا بانگكران بۆ زەماوەند.

بەلاّم خواوەندێكی ژن بانگ نەكرا.

ئەو خواوەندە ژنە بە گۆبەنە ناوی (ئێریس)ە.

ئێریس دەیتوانی خەڵك لەیەكتر بكات بە دوژمن.

زەماوەند بە باشی بەڕێوە دەچوو، هەموو شاد بوون.

بەلاّم لەپڕ شتێك ڕوویدا.

یەكێك سێوێكی فڕێدایە ناو میوانەكانەوە.

ئەوە ئێریس بوو سێوەكەی هاویشت.

لەسەر سێوەكە نوسرابوو:

بۆ جوانترین.

سێ خواوەندی ژن ڕابوون.

ئەوانەش (هێرا)ی ژنی زیۆس.

هەروەها ئەتێنا.

پاشان (ئەفرۆدیتە) خواوەندی خۆشەویستی.

هەموویان سێوەكەیان دەویێ.

هەركام لەوان خۆی بەجوانترین دەزانی.

هەرسێ خواوەندە ژنەكان داوای یارمەتیان لە زیۆس كرد.


زیۆس دەتوانێ بڵێ كامیان لە هەموویان جوانترە.

بەلاّم زیۆس ئەو كارە ناكات.

زیۆس بەو شێوە بڕیار نادات كە ئەوان دەیانەوێت.

چونكە دەزانێ ئەگەر یەكێك هەڵبژێرێ ،دوانەكی دیكە زیز دەبن.

ئەوەش دەبێتە هۆی تورەبوونیان لە زیۆس.
ئەو نایەوێ دوو ژن کە خواوەندن نێوانیان تێك بچێ.
بۆیە زیۆس بڕیاریدا کە یەکێکی دیکە جوانترینیان هەڵبژێرێ.
زیۆس شازادە پاریسی هەڵبژارد کە خەڵکی شاری (ترۆیە)یە.
شازادە پاریس هەڵبژێردرا بۆ دەستنیشانکردنی جوانترینیان, کە سێوەکەی بداتێ.
هێرە بە (پاریس)ی گووت:
– ئەگەر سێوەکەم بدەیتێ ،دەبیتە پاشای هەموو جیهان.
ئەتێنا گووتی:
– ئەگەر سێوەکە بدەی بەمن تۆ لە هەموو شەڕەکاندا سەردەکەوی.
ئەفرۆدیتە گووتی:
– ئەگەر سێوەکە بدەی بەمن دەبیە خاوەن جوانترین کیژی جیهان.
پاریس سێوەکەی دایە ئەفرۆدیتە.
پاریس عەودالّی جوانترین کیژی جیهانە.
ئایا ئەو کیژە کێیە؟






ئەو (هێلین)ە جوانە
زیۆس کچێکیشی هەبوو ناوی (هێلین)ە.
کاتێ هێلین تازە پشکووتوو بوو بێ سنور جوان بوو.
زۆرینەی گەنجان دەیانویست مارەی بکەن.
هێلین شووی بە پاشا (مێنێلەوس)ی پاشای سپارتە کرد.
هێلین بووە شاژنی سپارتا.
هەموو باسی جوانی هێلینیان دەکرد.
هیچ ژنێ وەك ئەو جوان نەبوو.
هێلین و مێنێلەوس بە شادی پێکەوە دەژیان.
بەلاّم لەپڕ شازادە پاریس گوێی لە جوانی هێلین بوو.
پاریس بە سەوڵێدان لە ترۆیەوە کەوتە ڕێ بۆ سپارتا.
پاشا مێنێلەوس وەك دۆستێ بەخێرهاتنی کرد.
بەلاّم هێلین و شازادە پاریس شەیدای یەکتر بوون.
مێنێلەوس بەگەشتێك دەرچوو.
ئیتر پاریس هێلێنەی لەگەڵ خۆی سواری کەشتیەکەی کرد.
ئەوان بەکەشتی بەرەو ترۆیە کەوتنە ڕێ.
کاتێ مێلێنەوس هاتەوە و بینیی چی ڕویداوە.
ئەو بەو کارەی پاریس تورە بوو، بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی دا.
ئەوە کاری خواوەندەکان بوو، کە مرۆچەکانیان تووشی کاری وادەکرد.
ئەفرۆدیتە یارمەتی پاریسی دا.
ئەتێنا و هێرا یارمەتی مێنێلەوسیان دا.
بەو شێوە شەڕی نێوان گرێکیەکان ترۆیە دەستی پێکرد.

## ئەکیلێسی پاڵەوان:

پاشا مێنیێلەوس سەربازەکانی خۆی کۆکردەوە.
ئەو ئێستا دەیەوێ پەلاماری ترۆیە بدات.
بەڵام مێلێنەوس پێویستی بەسەرباز و کەشتی دیکەیە.
ئەو داوای لەخواوەندەکان و پاڵەوانەکەنی گرێکلاند کرد کە یارمەتیی بدەن.
یەکێ لە پاڵەوانەکان (ئەکیلێس)ە.
ئەکیلێس کوڕی خواوەندێکی ژنی دەریایە.
ئەو بەڕاستی بەهێز و پێگەشتوە.
ئەکیلێس دەیتوانی شەڕ بکات، ئەو ناوداره.
دایکی ئەکیلێس وای لە کوڕەکەی کردووە کە بریندار نابێ.
تیر و شیر و شمشێر ئەویان بریندار نەدەکرد.
کاتێ ئەکیلێس لە دایك بوو.
دایکی بردیە میرنشینی مەرگ (دۆزەخ).
لەوێ ژەندەیە چەمی مەرگەوە (ستیکس).
هەموو گیانی ئەویان ژەندە ئاوەکەوە.
بەو شێوە ئەو بازبەند* کرا.
بەڵام چونکە دایکی لنگێکی گرتبوو کە دەیژەندە ئاوەکەوە، پێیەکی نەژەنرایە ئاوەکەوە.
بۆیە بە تەواوی نەژەنرایە ئاوەکەوە تا بازبەند ببێت.
بۆیە دەتوانرا لە قولکە قاپەی بەرەوخوار بریندار بکرێ.
قولەقاپەشی تەنها جێیەکە کە دەتوانرێ زەفەری پێببرێ.
تا ئێستاش باسی قولەقاپەی مرۆچ، ئەکیلێس دەکرێ.
ئەوەش واتە: خاڵی لاوازی مرۆچ.






کاتێ ئەکیلێس گەورە بوو.
زوو ناوی لە ناو لەشکرەکەیدا دەرکرد.
بەڵام دایکی دەیویست ئەو بپارێزێ.
دایکی ئەوی لە جلی ژنانەدا دەشاردەوە.
هەموو وایاندەزانی ئەکیلێس کچە.
کەسیش نایەوێ لەگەڵ کچێکدا بچێتە شەڕەوە.
ئێستاش کاتی جەنگە دژی ترۆیە.
هێشتاش ئەکیلێس لە جلی کچانەوە دەسوڕێتەوە.
ئێستا کاری ئەکیلێس ئاشکرا بوو.
ئەکیلێس بەڵێنی دایە پاشا مێنیێلەوس کە یارمەتیان بدات.
کۆمەڵێکی زۆر پاڵەوان و پاشا لەگەڵ مێنیێلەوس چوون بۆ ترۆیە.
لەناو پاڵەوانەکاندا پێگەشتووترین و فێڵبازترینان ئۆدیسیۆسە.
گرێکلاندی بەرێ زۆر گەورە بوو.
زۆربەیان دەیانویست خاوەن بڕیار بن.
بۆیە وا ڕێك نەدەکەوتن.

## شەڕەکانی ترۆیە:

شەڕی ترۆیە دە ساڵی خایاند.
خەڵکێکی زۆر کوژرا.
سەربازە ترۆیەکان پارێزگاریان لە شارەکەی خۆیان دەکرد.
گرێکیەکان نەیانتوانی شارەکەیان بگرن.
دەوری شارەکە بە قەڵاگیراوە.
قەڵاکە بەرز و قایمە.
جارجار لەدەوری قەڵا شەڕی گەورە دەقەوما.
ئەکیلێس باشترین شەڕکەری گرێکیەکانە.
پاڵەوانەگەورەکەی ترۆیەکان ناوی (هێکتۆر)ە.
زۆری پێچوو تا ئەو دووانە ڕووبەڕووی یەك ببنەوە.
باشترین هاوڕێی ئەکیلێس بەدەسەتی هێکتۆر کوژرا.
بۆیە ئەکیلێس دەیەوێ تۆڵەی دۆستەکەی بکاتەوە.
ئێستا شەڕە لە نێوان هێکتۆر و ئەکیلێس.
ئەکیلێس بەهێزترە، هێکتۆری کوشت.







تەرمی هێکتۆریان بە ئەسپەوە بەست و بەدەوری قەڵا ڕایان دەکێشا.
باوك و دایکە پیرەکەی هێکتۆر لە سەر قەڵای ترۆیە بوون.
ئەوان کوڕەکەی خۆیان دی کە کوژرا.
بەڵام ئەکیلێسیش کوژرا.
پاریس تیرێکی تێگرت.
تیرەکە قولەقاپەی پێکا.
دوپاڵەوانەکە هێکتۆر و ئەکیلێس کوژران
بەڵام شەڕ هەر درێژەی هەیە.

## ئەسپە تەختەکە

ئۆدێسێچس لە کۆتاییدا کۆتایی بەو شەڕە هێنا.
ئۆدێسێچس پلانێکی فێڵاوی دانا.
گرێکیەکان ئەسپێکی گەورەیان لە تەختە دروست کرد.
ئەسپە تەختەکە ناوەکەی بۆش بوو.
لەناوەوە جێگەی سی سەرباز دەبۆوە.
ئەسپە گەورەکەیان لەبەردەم قەڵاکەدا وەستاند.
ترۆیەکان لە خۆیان دەپرسی. دەبێ ئەوە چی بێ؟
گرێکیەکان لە شار دوورکەوتنەوە.
هەموویان سواری کەشتیەکەیان بوون.
ترۆیەکان وایانزانی کە گرێکیەکان هیلاك بوونە.
بەڵام گرێکیەکان بە جووتە بەدەوریاندا دەسوڕانەوە.
ئەوان گەڕانەوە و خۆیان شاردەوە لەدەوری ترۆیە.
ترۆییەکان ئەسپە سەرنجڕاکێشەکەیان دەوێ.
چۆن ئەوان ئەسپەکە بەرنە ناوەوەی قەڵاکە.



دەروازەی قەلاکە تەنگە ئەسپە تەختەکەی پێوەی ناچێ.
ئەوان دەروازەکەیان گەورەکرد، بە تاشین تا گەورەتر بێ.
پاشان ئەسپەکەیان ڕاکێشایە ژوورەوەی شارەکە.
شەو کاتێك هەموو نووستبوون، شتێك ڕویدا.
سەربازە گرێکیەکانی کە خۆیان لە ناو ئەسپەکەدا شاردبوویەوە.
ئێستا بەدزیەوە هاتنە دەرەوە.
سەربازەکانیتریش کە خۆیان شاردبوویەوە،
بەرەو ژوور خۆیان کوتا.
ئەوان لەو کونەوە کە کردیانە دیواری قەلاکەوە بۆ ئەوەی ئەسپکەی پێدا بچێتە ژوورەوە خۆیان کرد بە ژووردا.
ترۆییەکان فریای ئەوە نەکەوتن پارێزگاری لەشارەکەیان بکەن.
گرێکیەکان ترۆییەکانیان گرت و شارەکەیان وێرانکرد.
ئەوان بەڕاستی شەڕەکەیان بردەوە.



## گەشتە دوورەکەی ئۆدیسیۆس

سەربازە گرێکیەکان لە شەڕی دەساڵەی دەرەکی بوونەوە.
ئێستا بەڕاستی دەتوانن بگەڕێنەوە بۆماڵەوە.
بەڵام بۆ ئۆدیسیۆس درێژتری کێشا.
ئەو گەیشتە دوورگەیەکی بچووك.
دوورگەکە ناوی (ئیتاکە)یە.
ئۆدیسیۆس بەکەشتییەکەوە و هەندێ لەپیاوەکانی سەوڵیان لێدەدا.
ئەوان تووشی کاری سەیر و مەترسیدار هاتن.
ئەو هەموو توانای خۆی خستە کار تا پیاوەکانی خۆی بپارێزێت.
بەڵام ئەو سەرکەوتوو نەبوو.
هەموو لە ڕێ مردن.
ئەو تەنها مایەوە و تەنها گەڕایەوە.
ئەو دەساڵ بەڕێوە بوو تا بگاتە ئیتاکە.
گەشتەکەی تا بڵێی ناوداره.
زۆر لە گرێکیەکان بۆ یەکتر باسی گەشتە سەرسامەکەی ئۆدیسیۆس دەکەن.
نووسەرێك باسی ڕوداوەکانی گەشتەکەی ئۆدیسیۆس دەکات.
ئەو نووسەرە ناوی (هۆمێرۆس)ە.
باسەکەش ناوی ئۆدیسیۆسە.
ئۆدیسیۆس باسێکی دڵگیرە.
ئێمە زۆر نازانین دەربارەی هۆمێرۆس.
ڕەنگە ئەو **٢٧٠٠** ساڵ پێش ئەمڕۆ ژیا بێت.
هۆمێرۆس کاری زۆری فێرکردوین دەربارەی گرێکیەکان و خواوەندەکانیان.
تا ئێستا ئۆدیسیۆس بەرزترین ژمارەی خوێندەوارانی هەیە.

## خواوەندەکان لای گرێکیەکان و ڕۆمیەکان

زۆربەی زۆری خواوەندەکانی گرێك، لای ڕۆمیەکان ناسراون.

بەلاّم بەناوی ڕۆمی.

بەلاّم لای ڕۆمیەکان ناویتریشان هەبووە.

| ناوی خواوەندەکان بە گرێکی | ناوی خواوەندەکان بە ڕۆمی |
| --- | --- |
| ئەفرۆدیتە | چینۆس |
| ئەپۆلۆن | ئەپۆلۆ |
| ئارێس | مارس |
| ئەرتێمیس | دیانا |
| ئەتێنا | مینێرچە |
| دیۆنیسۆس | باخۆس |
| ئێریس | دیسکۆردیا |
| ئێرۆس | ئامۆر |
| گینە | تێلووس |
| هەدێس | پلوتۆ |
| هێفەسیتۆس | ڤولکەنوس |



| | |
| --- | --- |
| هێلیۆس | سول |
| هێرە | یونۆ |
| هێرەکلێس | هێرکولێس |
| هێرمێس | مێرسوریوس |
| نێنێسیس | پۆێنە |
| نیکە | چیکتۆریە |
| پەن | فەنووس |
| پێرسێفۆنە | پرۆسێرپینە |
| پۆسیدۆن | نێپتونس |
| زیۆس | جوپیتەر |